

د.سەعید
مودیرێکی
سەرکەوتوو...
٤



دوکتور
شەرەفکەندی
بە ...
٥



مستەفا
هیجری: ئێمە
لە ٤ ساڵی...
٨



ڕێبەرێک
لە
ئاوێنەی ...
١٠



... پەروەردە
و فێرکردن
لە ئێراندا
١١


دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردستـــانی ئێـــران

ژمارە ٥٨٩، هەینی، ٣١ی خەرمانانی ١٣٩١، ٢١ی سێپتامبری ٢٠١٢، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com


## چالاکیی تەبلیغاتی بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانانەوە

ئەندامان و لایەنگرانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٩١، ٢٠هەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری پێشووی حیزب و هاوڕێیانی چالاکیی تەبلیغاتییان بەڕێوە برد. چالاکیی ئەندامانی حیزب بە شێوەیەکی بەرین و لە زۆربەی شار و ناوچەکان و گوندەکانی کوردستاندا بەڕێوە چوو. ئەندان و لایەنگرانی حیزب بە بڵاوکردنەوەی فیلمی تایبەت بەم بۆنەوە، وێنەی شەهیدانی میکونووس، نووسینی درووشمی شۆڕشگێڕانە و حیزبی و نەتەوەیی سیمایەکی خەباتگێڕانەیان بە شار و گوندەکانی کوردستان بەخشی. شایانی باسە ئەم چالاکییانە لە دۆخێکی توندوتۆڵی ئەمنییەتیدا بەڕێوە چوون.

## پەیڤ

ناهید حسێنی

### تیرۆریزمی دەوڵەتی

تیرۆر و تیرۆریزم، ئەو دوو چەمکەن کە پانتایی سیاسی و کۆمەڵایەتیی جیهانیان داگیر کردووە و لە گرینگترین ئاریشەکانی ئەم سەردەمەن و زۆرجار لە لایەن کەسان یان گرووپگەلێکی توندئاژۆ و ئەوپەڕگیرەوە وەکوو ستراتیژییەکی سیاسی بەکار دەهێنرێن بۆ دەستەبەرکردنی قازانج و بەرژەوندیی تاکەکەس، گرووپ یان دەسەڵاتێك بە مەبەستی بێدەنگکردن و یان نەهێشتنی نەیارانیان.

دیارە تیرۆریزم وەکوو تاکتیکێك نەك هەر لە لایەن تاك یان گرووپێکەوە، بەڵکوو زۆرجار لە لایەن دەسەڵاتێکەوە لە دژی خەڵکەکەی خۆی بەکار دەهێنرێت و لێرەوە چەمکێك بە ناوی تیرۆریزمی دەوڵەتی سەرهەڵدەدات کە بە شێوەی نایاسایی و لە ڕێگەی ڕێکخستنی نهێنی و یان بەکارهێنانی کەسانی خۆفرۆش و بەکرێگیراوەوە بەڕێوە دەبرێت.

نموونەیەك لە تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تیرۆری ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و بە تایبەتی دوو سەرکردە و ڕێبەری مەزنی کورد، د.قاسملووی نەمر و د.سادقی هەمیشە لەیاد و هاوڕێیانیانە.

دەسەڵاتە دیکتاتۆر و سەرەڕۆکان بۆ پاراستنی دەسەڵاتە ناڕەواکەیان، چاوپۆشی لە هەموو بەها مرۆیی، سیاسی و یاساییەکان دەکەن و هیچ بەهایەك بۆ رای گشتیی و کەرامەتی مرۆڤایەتی دانانێن. بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی کە نە کوشتنی کەسایەتی و ڕێبەرێك بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەیەك لە پێ دەخات و نە هیچ زاڵمێك توانیویەتی بە تیرۆر و توندوتیژی بەردەوامیی و مانەوە بە دەسەڵاتەکەی ببەخشێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی خەباتی سیاسی خۆی، لەگەڵ ئەوەدا کە بەردەوام لەگەڵ هێرشی تیرۆر و تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بووە، هەرگیز لە پرەنسیپە سیاسی و ئەخلاقییەکان لای نەداوە و تیرۆریزمی لە هەموو شێوەکانیدا مەحکووم کردووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەمڕۆ لە ئاستی نێوخۆیی و لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا و بە گشتی لە گۆڕەپانی سیاسەتدا وەکوو حیزبێکی خاوەن مێژووی پاك و بەئەزموون ناسراوە.

تەنیا چەند ڕۆژ بەسەر بیستەمین ساڵیادی تیرۆری ڕێبەری هەمیشە لەیادمان، شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندیدا تێپەڕیوە و هەر بۆیە وێڕای نوێکردنەوەی بەڵێن و پەیمان لەگەڵ ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیدمان کە ڕێبازی بەختەوەری و سەرورریی گەل و نیشتمانەکەمانە، هانا دەبەینە بەر وتەیەکی بەنرخ لە د.شەرەفکەندی کە فەرموویەتی: «با دایکانی کوردستان ڕۆڵەکانیان لە باوەشی گەرم و پڕ لە خۆشەویستیی خۆیاندا بە هەستی گەرمی نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی پەروەردە بکەن و چیرۆکی ژیانی دوکتور قاسملوو و شەهیدانی ڕێگای رزگارییان بە گوێدا بخوێنن».

# د.سەعید ڕێبەرێکی بەهەڵوێست و بڕیاردەر بوو



به بۆنەی ٢٠همین ساڵوەگەڕی تیرۆری شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، لە شوێنە جیاجیاکانی جیهاندا ڕێوڕەسمی تایبەتی بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمێك ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٩١ی هەتاوی بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەری، کادرەکان و پێشمەرگەکانی حیزب و نوێنەرانی پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستانی عێراق، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە بەڕێوە چوو. لەم ڕێوڕەسمەدا کە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ریزگرتن لە گیانی پاکی تێکڕای شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن بەڕێز محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشکەش کرا. بەڕێزیان دوکتور سەعیدی بە ڕێبەرێکی بەهەڵوێست و بڕیاردەر ناو برد.

لە هەمان ڕۆژدا، ڕێوڕەسمێك بە بەشداریی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵێك حیزب و کەسایەتی و چالاکیی سیاسیی کورد و ئێرانی لەسەر گۆڕی شەهیدانی میکونووس لە پێرلاشێزی پاریس بەڕێوە چوو. لەم ڕێوڕەسمەدا بەڕێز هیجری بۆ بەشداربووان دوا.

هەرروەها ڕێوڕەسمێك بەم بۆنەوە لە «هۆڵی پێشەوا» لە هەولێر بە بەشداریی بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و چەندین حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتی لە هەر چوار بەشی کوردستان بەڕێوە چوو. لەم ڕێوڕەسمەدا بەڕێز شەرەفی لە بارەی بیروئەندێشەکانی دوکتور سەعید و پاشان بەڕێز ڕەحیم سورخی، مامۆستای زانکۆ لەسەر کەسایەتی و تیرۆری ئەو ڕێبەرە مەزنەی گەلی کورد بۆ بەشداران دوان.

سمینارێك بەم بۆنەوە لە «هۆڵی تەوار»ی شاری سلێمانی بە بەشداریی بەڕێز ڕوستەم جەهانگیری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بۆ بەڕێزان پروفسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، مامۆستای زانکۆ و دوکتور کەیوان ئازاد، مامۆستای زانکۆ بەڕێوە چوو.

لە ڕێوڕەسمێکی دیکە بەم بۆنەوە کە لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوە چوو، بەڕێز تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بۆ بەشداربووان لەم بارەوە دوا. هەروەها ڕێوڕەسمێك ڕێکەوتی ٢٧ی خەرمانان لە ناوەندیی ی کوردستان بەڕێوە چوو. لەم ڕێوڕەسمەدا بەڕێز تاهیر کەسیلی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی ئەو ناوەندە بۆ بەشداران دوا.

سمینارێك بەم بۆنەوە ڕێکەوتی ٢٥ی خەرمانان لە دانمارك لە لایەن کومیتەی حیزب لەو وڵاتەوە بەڕێوە چوو. لە سمینارەکەدا، بەڕێز ئیدریس ئەحمەدی، مامۆستای زانکۆی ستۆکهۆڵم سەبارەت بە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی بۆ بەشداربووان قسەی کرد.

هەروەها ڕێوڕەسمێك ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان لەسەر مۆنۆمێنتی شەهیدانی میکونووس لە شاری بێرلین بە بەشداریی چەندین حیزب و کەسایەتیی کوردستانی و ئێرانی بەڕێوە چوو کە تێیدا پەیامی کومیتەی حیزب لەو وڵاتە و چەندین پەیامی دیکە خوێندرانەوە.

هەروەها شاندێکی کومیتەی حیزبی دێموکرات لە ئاڵمان لە ڕێوڕەسمی یادی شەهیدانی میکونووس و ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانییانی سیاسیی ساڵی ٦٧دا بەشداری کرد. لەم ڕێوڕەسمەدا وێڕای خوێندنەوەی پەیامی کومیتەی حیزب بەم بۆنەوە، بەڕێزان «یووئاخیم ئەریگ»، پارێزەری سکاڵاکاریی تایبەتی لە دادگای میکونووس، «سارا دێهکوردی»، چالاکی سیاسی و کچی شەهید نووری دێهکوردی، «پەرویز دەستماڵچی»، شایەتحاڵی ڕووداوی میکونووس لە چەند بواری تایبەت بەم بۆنەوە بۆ بەشداربووان دوان.

هەروەها ڕێوڕەسمێك بەم بۆنەوە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان لە شاری «کیتچنێر»ی ڕۆژهەڵاتی کانادا لە لایەن کومیتەی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کانادا بەڕێوەچوو کە تێیدا وێڕای پێشکەشکردنی پەیامی کومیتەی حیزب لە لایەن بەڕێز «ڕەحیم بێهروز»، بەرپرسی کومیتە، پەیامەکانی چەندین حیزبی کوردستانی و ئەندام پارلمانێکی کانادا خوێندرانەوە.

## لە پاریس، کۆنفڕانسێکی نێونەتەوەیی لە ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندیدا بەڕێوە چوو

کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی بە بۆنەی ٢٠هەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، لە ڕێکەوتی ٢٤ی خەرمانانی ١٣٩١ی هەتاوی لە ساڵۆنی «ڤیکتۆر هۆگۆ»، یەکێك لە تالارەکانی پارلمانی نەتەوەیی فەرانسە، بە بەشداریی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

کۆنفرانسەکە بە هاوکاریی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس و دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات لە ژێر ناوی «بارودۆخی ئێران لە کاتی ڕابوونەکانی عەرەب و بەهاری عەرەبی»، لە دوو پانێلی جیاوازدا بەڕێوە چوو.

پانێلی یەکەم لە ژێر ناوی «کۆمەڵگای هەنووکەیی ئێران» بە سەرپەرستیی بەڕێز «حەمید بوزئەرسەلان»، مامۆستای زانینگەکانی پاریس بەڕێوە چوو و لەو پانێلەدا ئەم بەڕێزانە لێدوانیان پێشکەش کرد:

ـ هاشم ئەحمەدزادە، مامۆستای زانینگەی ئێکستێری بریتانیا و شارەزای بواری ڕۆژهەڵاتی ناڤین، سەبارەت بە کێشە ئیتنیکییەکانی سیستمی سیاسیی ئێران

ـ ئێستفان دوودوانیۆن، توێژەری ناوەندی نەتەوەیی لێکۆڵینەوە زانستییەکانی فەڕانسە، سەبارەت بە پێوەندیی ئێران و وڵاتانی ڕۆژهەڵات

ـ ماری لادییە، توێژەری ناوەندی نەتەوەیی لێکۆڵینەوە زانستییەکانی فەڕانسە، سەبارەت بە ئێران لە کاتی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی

ـ ژیل ری یۆ، توێژەری ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوە ستراتیژیکەکانی فەڕانسە، سەبارەت بە تاوتوێی پێوەندییەکانی نێوان ناوەند و دەوروبەر لە سەردەمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا

ـ نووری یەشیل یوورت، مامۆستای زانستی سیاسی لە زانینگەی ئانکارا، لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕی پێوەندییەکانی تورکیە و ئێران پاش بەهاری عەرەبی

پانێلی دووهەمی کۆنفرانس لە لایەن بەڕێز «کەندال نەزان»، بەرپرسی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس، لەسەر پرسی نەتەوە غەیرەفارسەکانی ئێران بەڕێوە چوو و لەو پانێلەشدا ئەم بەڕێزانە لێدوانیان پێشکەش کرد:

ـ مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ـ یووسف عەزیزی بەنی تۆرۆف، توێژەر و نووسەری عەرەب

ـ ناسر بوولیدەیی، سکرتێری گشتیی حیزبی خەڵکی بەلووچستانی ئێران

ـ هیدایەت سوڵتانزادە، ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی بزووتنەوەی فێدراڵ ـ دێموکراتی ئازەریجانی ئێران

ـ کەریم عەبدیان، وتەبێژی حیزبی هاوپێوەندیی دێموکراتیکی ئەهواز

ـ محەممەد نەزەری لە ڕێکخراوی بەرگری لە مافی نەتەوەی تورکمەن

کۆنفرانسەکە بە یادوبیرەوەریی دوکتور سادق شەرەفکەندی و تێکڕای قوربانییانی تیرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران پێشکەش کرا.



# ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی بیستەمین ساڵی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی

ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی بیستەمین ساڵی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

لایەنگران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵ، بیست ساڵ بەسەر تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیان فەتاح عەبدولی، هومایون ئەردەڵان و نووری دێهکوردی تێپەڕ دەبێ.

بڕیاری هەیئەتی ویژەی کۆماری ئیسلامی کە لە بەرپرسانی هەرەسەرەوەی ئەو ڕێژیمە بۆ تیرۆری کەسایەتییە ئازادیخوازەکانی ئێرانی پێك هاتووە، دژ بە گیانی دوکتور شەرەفکەندی لە کاتێکدا بە هۆی تیرۆریستەکانی ئەو ڕێژیمەوە بەڕێوە چوو کە هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی دوکتور سادق شەرەفکەندی بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست چووبوونە برلین و چەند کاتژمێرێك پاش کۆتایی کۆبوونەوەی ئەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییە لەگەڵ ژمارەیەك لە کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی بۆ باس لەسەر شێوەکانی هاوکاری لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی کۆ ببوونەوە.

تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی تەنیا کردەوەی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی دژ بە گیانی کەسایەتییە ئازادیخوازەکانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات نەبوو، بەڵکوو پێشتریش ژمارەیەکی بەرچاو لەو کەسایەتییانە لە لایەن ماشینی تیرۆری ئەو ڕێژیمەوە کرابوونە ئامانج و لە یەکێك لە وڵاتان گیانیان لێ ئەستێندرابوو، هەر لە درێژەی ئەو کردەوە تیرۆریستیانەی کۆماری ئیسلامیدا بوو کە سێ ساڵ پێش تیرۆری دوکتور سادقی شەرەفکەندی، دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە ڤییەن، پێتەختی ئۆتریش لە لایەن تیرۆریستەکانی ئەو ڕێژیمەوە تیرۆر کرابوو.

لەنێوبردنی کەسایەتییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە لایەن دەزگاکانی تیرۆری ئەو ڕێژیمەوە سیاسەتێك بووە کە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمەوە بە پێی نێوەڕۆکی کۆنەپەرستانە و دژی ئینسانیی ئەو ڕێژیمە بەکردەوە و بە بەربڵاوی بەڕێوە چووە، بە شێوەیەك کە تیرۆریزم بووەتە بەشێکی جیانەکراوە لە نێوەڕۆکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. هەر چەند ئەو تیرۆرانە زیاتر لە وڵاتانی دێموکراتیکی ئوورووپایی بەڕێوەچوون و لە ڕاستیدا سەروەریی ئەو وڵاتانە پێشیل کران، بەو حاڵەش پێوەندییەکان و بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتانە ڕێگر بوون لە بەردەم بەدواداچوون و دژکردەوەنیشاندانی جیددی بەرانبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. لەو پێوەندییەدا پێویستە ئاماژە بە هەڵوێستی دەگمەن و شوێندانەری دەزگای قەزایی ئاڵمان بکرێ، کە بە پاراستنی سەربەخۆیی خۆی و بەدواداچوونێکی عادڵانە ڕێبەرانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامیی بە بڕیاردەر و تیرۆریستەکانی ئەو ڕێژیمەی بە تاوانبار ناساند و مۆری ریسوایی لە کارنامەی ئەو ڕێژیمە دا. هەرچەند تیرۆریزمی دەوڵەتی هەرگیز لە نیوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی دوور نەبووە، بەڵام بڕیاری بوێرانەی دەزگای قەزایی ئاڵمان شوێنی لەسەر کەمبوونەوەی کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەرەوەی وڵات دانا. بێگومان ئەگەر دەزگای قەزایی ئۆتریش لە تیرۆری دوکتور قاسملوودا، یان دەزگاکانی قەزایی باقی وڵاتانی ئۆرووپایی ڕێگای دەزگای قەزایی ئاڵمانیان گرتبایەتە بەر، ڕەنگە تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی یان تیرۆری کەسایەتییەکانی دیکەی ئێران ڕوویان نەدابا.

دوکتور سادق شەرەفکەندی ،ئازادیخوازێکی ناسراو و لایەنگری شێلگیری دێموکراسی بوو، دێموکراسی بۆ مرۆڤەکان ئەوەندە بە پێویست دەزانی کە هەوا بۆ ژیان و زیندوومانەوە پێویستە، ئەو هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سوڤیەتی ئەوکاتی بە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی دێموکراسی و ویستی دێموکراسیخوازی بە هاندەری ئەم ئاڵوگۆڕە دەزانی. دوکتور سادق وێڕای باوەڕی قوولی بە دێموکراسی پێداگر بوو لەسەر ئەوە کە مرۆڤ تەنیا بە دێموکراسی ناژی و پێویستی بە دابینبوونی کۆمەڵێك نیازی ئینسانی دیکەش هەیە، بۆیە بۆ دابینبوونی دێموکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی باوەڕی قوولی بە سوسیالیزمی دێموکراتیك هەبوو و لەو بوارەدا هاوبیری دوکتور قاسملوو بوو.

دوکتور سادقی شەرەفکەندی لە پێناو دابینبوونی دێموکراسیدا هەر جۆرە حکوومەتێکی ئیدئۆلۆژیکی ڕەت دەکردەوە و پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە حکوومەتێك کە لەسەر بناغەی هەر ئیدئۆلۆژییەك یان هەر مەزهەبێك دابمەزرێ لەگەڵ دێموکراسی و ئوسوولە دێموکراتیکەکان یەك ناگرێتەوە. دوکتور سادق ئۆگری ئاشتی و ئارامی و بەیەکەوەژیان بوو. بەڵام پێی وابوو ئەم ئاشتی و ئارامییە دەبێ لە ڕێگای دابینبوونی مافە دێموکراتیکەکان و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ماف پێشێلکراو و یەك لەوان گەلی کورد دەستەبەر بێ و ئەگەر ئەم مافانە لە گۆشەیەکی جیهان دەستەبەر بن بە مانای بوونی ئاشتی لە هەموو جیهان نیە. هەروەها لەو باوەڕەدا بوو لە حاڵێکدا کە کەمایەتییەك لە جیهاندا دەوڵەمەند و بە خێرایی دەڵەمەندتر دەبن و زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی جیهان نەدار و ڕۆژبەرۆژ فەقیرتر دەبن، ناکرێ هیوا بە ئارامی هەبێ و جیاوازی بێ سنووری ژیان لە نێو مرۆڤەکاندا کێشەی لێ نەکەوێتەوە.

دوکتور شەرەفکەندی وەك تێکۆشەرێکی سیاسی و ڕێبەری بزووتنەوەی نەتەوەیەکی ژێردەستی وەك کورد خاوەن زۆر تایبەتمەندیی بەرزی ئینسانی بوو: ئەو لە باوەڕەکانیدا سادق، لە وتەکانیدا ڕاستگۆ، لە تێکۆشانیدا ماندوویی نەناس، لە کرداریدا بەبڕشت بوو. ئەو لە کاتێکدا کە جەستەی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تیرۆری د.قاسملوو زامێکی قووڵی هەڵگرتبوو، بەرپرسایەتیی یەکەمی لە حیزبدا وەئەستۆ گرت و بە مودیرییەت و لێزانی و لێهاتوویی خۆی ئەو شانازییەی بۆ خۆی دەستەبەر و ئەو خزمەتەی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد کە ڕێگای نەدا خەونی کۆماری ئیسلامی بۆ چۆکداهێنانی بزووتنەوەی کورد لە ڕێگای تیرۆری دوکتور قاسملووەوە بێتە دی. وەفاداری دوکتور شەرەفکەندی بۆ قاسملووی ڕێبەر و بۆ ڕێبازەکەی لەو وتەیەدا دەردەکەوێ کە لە کاتی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا دڵنیایی دا کە ڕێگاکەی هەتا سەر دەپێوێ یان سەرکەوتن لە ئامێز دەگرێ یان لە پەنا دوکتور قاسملوو ئارام دەگرێ، ئەو بەڵێنەشی سادقانە بردە سەر. ئەو باوەڕانە، ئەو تایبەتمەندییانە و ئەو شوێندارییەی دوکتور سادق بوون کە ئەویان زۆر زوو کردە ئامانجی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی.

دوکتور سادق شەرەفکەندی یەکگرتوویی و هاودەنگی هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکانی ئێرانی بە مەرجی سەرکەوتن بەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەزانی و لە پێناو ئەو پێویستییەدا ماندوویی نەناسانە هەوڵی دا و هەر لەو پێوەندییەدا و لە ڕەوتی ئەنجامدانی ئەو ئەرکەدا گیانی لە دەست دا. ئەو شارەزای وەزعی ئێران و کوردستان بوو و لە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی جیهانیشدا بەتوانا بوو، بۆیە نەمانی ئەو ڕێبەرە هەر ئەوەندە کە بۆ بزووتنەوەی کورد خەسار و خەمهێنەر بوو، بۆ ئازادیخوازانی ئێرانیش بەژان و کەلێنێکی گەورە بوو.

دوکتور شەرەفکەندی شارەزاییەکی زۆری لە مێژووی کورد و جووڵانەوەکانی هەبوو و لە ڕەوتی تێکۆشانی خۆی و حیزبەکەیدا هەموو تاقیکارییەکان و ئەزموونەکانی جووڵانەوەکانی کوردی لەبەرچاو بوو، باوەڕمەند بە هاوچارەنووسی نەتەوەی کورد بوو بەتایبەت لەسەر یەکڕیزی هێزەکانی کورد و دەستێوەرنەدان لە کاروباری یەکتردا پێداگر بوو. بەداخەوە مەودای کورتی ژیان و تێکۆشانی لە بەرپرسایەتی یەکەمی حیزبدا ڕێگای نەدا شاهیدی هەموو ئەو خزمەتانەی بین کە ئاواتی ئەنجامدانیانی هەبوو.

ئەمساڵ لە کاتێکدا و لە بیستەمین ساڵی شەهیدکرانی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا یادی ئەو ڕێبەرە دەکەینەوە کە وڵاتەکەمان ئێران لە هەموو بوارێکەوە لەگەڵ گیروگرفت و قەیرانی شوێندانەر بەرەوڕوویە، کێشەی ئەتۆمی ئێران نەبڕاوەتەوە، سزا نێونەتەوەییەکانی تەنگیان بە ڕێژیم هەڵچنیوە و ئابووریی ئێرانی شپرزەتر لەوە کردووە کە بە هۆی نەزانی و فەسادی ماڵی ڕێبەرانی ڕێژیمەوە لەگەڵی بەرەوڕوو بوو. کێشە نێوخۆییەکانی دەسەڵاتداران لە پەرەئەستاندندایە و ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران لەوپەڕی خۆیدایە. هاوکات سیاسەتی دستێوەردانی ڕێژیم لە کاروباری وڵاتان، ئاژاوەنانەوە لە ناوچە، داڵدەدانی دەستە و تاقمە توندڕەوەکان، پشتیوانیکردن لە دیکتاتۆری و دژایەتی لەگەڵ سوڵح و ئاشتی لە ناوچە و ملهوڕی و بەهێندوەرنەگرتنی یاسا نێونەتەوەییەکان هەروا درێژەی هەیە.

ئێستا بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەرکەوتووە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەپێی نێوەڕۆکی شەڕخوازانە و کۆنەپەرستانەی زەمینەی خۆگونجاندن لەگەڵ دنیای سەردەم و تەبایی نیە و هەر بۆیەش چاوەڕوان دەکرێ سزاکانی سەر ئەو ڕێژیمە بەردەوام بن و زەختی زیاتریشی بەدوادا بێ. لە نێوخۆی ئێراندا بە هۆی سیاسەتی نادرووست و نادڵسۆزانە و بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی وڵات لە لایەن ڕێژیمەوە گوزەرانی ڕۆژانەی خەڵك و دابینکردنی پێدا و یستییە سەرەتاییەکانی ژیان زۆر دژوار بووە و گرانی تەنگی بەخەڵك هەڵچنیوە ، سەرکوتی نارازییان و بەتایبەت ئازادیخوازانی ئێران بە بەربڵاوی و بە توندی بەڕێوە دەچێ و ڕێژەی ئێعدامەکان مانگ بە مانگ و ساڵ بە ساڵ لە بەرەوژوورچووندایە. مافی مرۆڤ بە لای ڕێژیمەوە مانای نیە و نەتەوەکانی ئێرانی زۆرترین مافیان پێشێل دەکرێ و ڕۆڵەکانیان لەگەڵ توندترین سزاکانی بەرەوڕوو دەبن. هەڵاواردنی جنسی، نژادی، نەتەوەیی، ئایینی و مەزهەبی بە ئاشکرا و بە توندی بەڕێوە دەچێ و سەپاندنی فەرهەنگی دواکەوتووانە و باوەڕەکانی ڕێژیم بەسەر خەڵکی ئێراندا شێوەیەکی بە تەواوی دژی ئینسانی بە خۆیەوە گرتووە. بۆیە نەتەوەکانی ئێرانیش زیاتر هاتوونەتە سەر ئەو بڕوایەی کە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هیچ ئاڵوگۆڕێك بە سوودی دابینبوونی ئازادی و مافە دێموکراتیکەکانیان نایەتە دی و دەبێ لەسەر ڕووخانی ئەو ڕێژیمە پێداگر بن.

ئەوانەش لە حاڵێکدان کە ڕەوتێکی نوێ لە سەرهەڵدان دژ بە دیکتاتۆرەکان بە تایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێکردووە و ئاڵوگۆڕی بەرچاوی دەسەڵات لە بەشێك لە وڵاتان ڕوویان داوە و لە هێندێ شوێن لە گۆڕێدایە. ئەوەش هۆیەکە بۆ دڵگەرمی خەڵکی ئێران لە خەباتی خۆیان دژ بە دیکتاتۆری و هەست بە پێویستی یەکیەتیی هێزە دێموکراتیکەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی.

لە بیستەمین ساڵی شەهیدکرانی دوکتور سادق شەرەفکەندیدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبەکەی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی و هەزاران شەهیدی دیکە، سەربەرزە کە لەگەڵ هەموو ئەو برینانەی هەڵی گرتن و ئەو کەند و کۆسپانەی بۆی پێك هاتن لە هەموو ئەو ماوەیەدا ئاڵای خەباتی شەکاوە ڕاگرتووە و مەوقعییەتی خۆی لە هەر کۆڕ و کۆمەڵێکدا پاراستووە و لە زۆر بارەوە بەرەوپێشچوونی بە خۆوە دیوە و لەو موانسبەتەشدا جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکاتەوە کە شێلگیرانە لە پێناو دابینکردنی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ و وەدیهاتنی ویست و داخوازییەکانی ئەوان تێ‌بکۆشێ و لە هەر دەرفەت و ئەگەری ڕوودانی هەر ئاڵوگۆڕێکدا خاوەنی توانا و شوێندانەری خۆی دەبێ.

لە بۆنەی بیستەمین ساڵی تیرۆری میکۆنووسدا، یادی هاوڕێیانی بەڕێزمان کاك فەتاح عەبدولی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات کە وەك لاوێکی تێکۆشەر بە لێهاتوویی پلەکانی تەشکیلاتی لە نێو ریزەکانی حیزبدا بڕی و لە ئەرکی نوێنەرایەتیی دەرەوەی وڵاتیشدا شوێندانەری و لێهاتوویی خۆی نیشان دا، هەروەها کاك هومایونی ئەردەڵان، کادری بەوەجی حیزب کە ساڵانێك لە کوردستان کار و چالاکی بەرچاوی لە خۆی نیشان دا و لە دەرەوەی وڵاتیش وەك بەرپرسی کۆمیتەی ئاڵمانی حیزبی دێموکرات درێژەی بە خزمەتەکانی دا و کاك نووری دێهکوردی وەکوو دۆستی لەمێژینەی بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەینەوە کە هەموویان لە تیرۆری میکونووسدا لە برلین سەریان نایەوە.

جارێکی دیکەو لەو موناسبەتەدا ئاواتی ئەوە دەخوازین کە بە درێژەدانی خەبات و سەرکەوتن بەسەر دیکتاتۆریدا ئەو ئاواتانە بێنە دی کە شەهیدانمان گیانیان لە پێناویدا بەخت کرد.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان و ئێران

نەمان بۆ ڕێژیمی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران

سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران و بزووتنەوەی کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی ناوەندی
خەرمانانی ١٣٩١ی هەتاوی
سێپتامبری ٢٠١٢ی زایینی

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئـێران**

# وەڵامێکی کورت بە پڕوپاگەندەی ژەهراوی دژی خەڵکی کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران سەبارەت بەو پڕوپاگەندەی کە لە دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی هاوبەشی ئەو دوو حیزبەدا کەوتبووە ڕێ، بۆ ڕای گشتی ڕوونکردنەوەیەکی هاوبەشیان بڵاو کردەوە.

دەقی ڕوونکردنەوەکە بەم چەشنەیە:

لەم ڕۆژانەی دواییدا و بەدوای بڵاوبوونەوەی ڕێککەوتننامەی هاوبەشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران وێڕای پشتگیریکردن و پێشوازیی بەربڵاو، شەپۆلێك لە پڕوپاگەندەی ناڕەوای بەلاڕێدابەری ڕاگەیاندنەکانیش سەبارەت بەم ڕێککەوتنامەیە کەوتە ڕێ کە ڕوونکردنەوەی ئێمە ئیمزاکەرانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران پێویستە.

بەشێك لە پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندنەکان وەها دوور لە ڕاستی و قێزەون و وەها نزمە و ئاوێتەی سادەهەڵخڵەتێنییە کە شیاوی ئەوە نیە وڵامێکی جیدی لە لایەن ئێمەوە پێی بدرێتەوە. بە کەسانێك کە داوای تۆبە لە ویلایەتی فەقیە دەکەن و ستایشی سەرکوتی گەلی کورد دەکەن و ڕایدەگەیەنن کە ئامادەن بۆ هاوکاری لەم سەرکوتە، دەستی ڕێژیمی سەرکوتکەری دەسەڵاتدار ماچ بکەن، تا بە خەیاڵی خۆیان بەر بە لەبەریەك هەڵوەشانی ئێران بگرن، چ وڵامێك دەکرێ بدەیتەوە؟

خەڵکی کوردستان ئەم بێحورمەتی و هەڕەشانەیان زۆر بیستووە و لەبەرچاویان نەگرتووە. بەڵام داخی ئێمە لە شەمشیرکێشانی کەسانێکە کە لە بەشێك لە ڕۆشنبیر و سیاسییە هەڵکەوتووەکانی ئێران پێك هاتوون و ئێستا لە بەیاننامەیەکی سەرتاپا ناڕاست کەوتونەتە ترس نانەوە و بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی و کەشی بەدگومانی و دوژمنایەتی لە نێو خەڵکی ئێراندا بڵاو دەکەنەوە.

ئیمزاکەرانی بەیاننامەکە هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە بە درووشمی «دیفاع لە یەکپارچەیی» و «خەبات دژی لە بەریەك هەڵوەشان» واتە چەکێك کە تا ئێستا پەرەدەپۆشکەری گشتیی سەرکوتەکانی ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە کوردستان بووە، دێنە مەیدان. خودی مانشێتی بەیاننامەکەی ئەوان واتە پارێزگاری لە سەربەخۆیی و یەکپارچەیی ئێران، سەرەتای هەر جۆرە کارێکی بنەڕەتی سیاسی، لە سەر بنەمایەکی بەراوەژوو و نادێموکراتیك دادەنێ.

بە باوەڕی ئێمە سەرەتای هەرکارێکی سەرەکی سیاسی کە بکرێ ئەمڕۆ بنەمای یەکگرتنی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراسیخواز بێ و لە داهاتوودا یاسای بنەڕەتی لەسەر بوونیاد بنرێ، دێموکراسی، مافی مرۆڤ و فرەچەشنی و بە ڕەسمی ناسینی مافی نەتەوەکان و ملکەچبوون بۆ پەنانەبردن بۆ توندوتیژی لە پەیوەندییە ناوخۆییەکانی خەڵکی ئێرانە و ڕێك لە بەرچاوگرتن و پابەندبوون بەم بنەمایەیە کە دەتوانێ بە باشترین شێوە یەکێتی ئێران و سەربەخۆیی ڕاستەقینەی وڵات، کە ئێمەش پارێزگاری لێ دەکەین، دەستەبەر و دابین بکا. جێی داخە کە دۆستانی دێموکراسیخوازی ئێمە کە لە خاڵی دیکەدا بە ئاسانی ستایشی دێموکراسی دەکەن و لەوە سەرمایەیەك بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن بەڵام کە دەگاتە کوردستان و مافی نەتەوەیی کوردەکان، دیفاع لە دێموکراسی وەها دژوار دەبینن و لە بەرامبەردا وەها نامەسئوولانە پەنا دەبەنە بەر هەڵخڕاندنی هەست و پەنا دەبەنە بەر گۆپاڵی هەڕەشە و بێ هیچ ترسێکی ئەخلاقی خۆیان لەگەڵ تیمسارەکانی دوێنێ و سەردارانی ئەمڕۆ یەکدەنگ و هاودروشم دەکەن.

ئەم دیاردەیە بە ڕوونترین شێوە دەیسەلمێنی کە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی ئێراندا هەڵسوکەوتی درووست لەگەڵ کێشەی نەتەوەکان و بە ڕەسمی ناسینی مافی ئەوان چ سەنگی مەحەکێکی باشە بۆ ناسینەوەی دێموکراسیخوازیی ڕاستەقینە.

بۆ ئێمە بەتایبەت جێی داخە کە ژمارەیەك لە دۆستانی ئیمزاکەری بەیاننامەکە وێڕای ئاشنایی نزیکیان لەگەڵ بزووتنەوەی کوردستان و حیزبە کوردییەکان و زانیارییان لە سەر باوەڕ و هەڵوێست و کردەوەی دەیان ساڵەی ئێمە و دوای تەمەنێك کە خۆیان لە گەڵ خەباتگێڕانی کورد پەیوەندییان بووە و هەروەها لە ڕابردوودا خۆیان بە لایەنگری مافی دیاریکردنی چارەنووس و سیستمی فیدراڵی بۆ ئێران زانیوە، ئێستا هەموو شتێکیان لەبیر بردووەتەوە و لەگەڵ تەرجیعبەندی «جیاخواز دەبێ ئێعدام بکرێ» هاودەم بوون. ئایا ئەم دۆستانە نازانن کە پێکهێنانی ترسی ناڕاست سەبارەت بە دابەشکردنی ئێران ئاوێکە ڕاستەوخۆ دەچێتە ئاشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە و تەنیا بە پێکهێنانی دووبەرەکی و دڵساردی لە ریزی بزووتنەوەی گشتیی ئازادیخوازانی ئێران خزمەت دەکا. ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە زیاتر لە هەر کاتێکی تر نەتەوەکانی ئێران بە مەبەستی ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بوونیادنانەوەی ئێران پێویستی بە یەکڕیزی و بەرنامەی هاوبەش هەیە.

ئێمە ئیمزاکەرانی ڕێککەتننامەی هاوبەشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران وێڕای پێداگری دووبارە لەسەر بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە ڕایدەگەیەنین کە مەبەستی ئێمە دابینکردنی خواستە بەرحەقەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیك و فێدراڵ و سێکۆلاردایە. ئێمە ئەم هەڵوێستە نەك بۆ دڵخۆشکردنی ئەم و ئەو بەڵکوو بە پێی باوەڕمان و لە پێناو بەرنامەی سیاسیی دەیان ساڵەی حیزبەکانمان وەرگرتووە. ئێمە بە ڕاشکاوی لەسەر پێویستیی بەرقەرارکردنی نیزامێکی فێدراڵ لە ئێران پێداگری دەکەین و پێمان وایە وەها نیزامێك نەك خواستی گەلی کورد و باقی نەتەوەکان ئێران بە باشترین شێوە دابین دەکا، بەڵکو هەنگاوێکی گەورەیە لە پێناو دێموکراتیزەکردنی ئێران و قەوارەی سیاسی دەوڵەت لەم وڵاتەدا و هەروەها بەهێزترین زەمانەتی پاراستنی یەکگرتوویی ناوخۆیی کۆمەڵگای ئێران، پێکەوەژیانی هێمنانەی خەڵك و پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتی ئێرانە. بزوتنەوەی کورد هەرگیز پەرەی بە کینە و نەفرەتی قەومی نەداوە و پێداگری لەسەر نەکردووە، بەڵکوو لە ناوەرۆکێکی تەواو دێموکراتیك و پێشکەوتنخوازانە بەهرەمەندە .

خواستە نەتەوییەکانی کوردیش کە ئەمڕۆ لە دروشمی فێدرالیزمدا خۆی دەنوێنێ، لە شێوازە ستانداردە دێموکراتییەکان و پەسەندکراوە جیهانییەکان پەیڕەوی دەکا و لە دژی هیچ نەتەوە و زمان و فەرهەنگێك نەبووە بەڵکوو دژی ساختاری نادێموکراتیك و تۆتالیتێری دەوڵەت لە ئێران و سەرکەوتنی خۆیشی لە پێکهێنانی گۆڕانکاریی دیموکراتیك لە وڵاتدا دەبینێ، نەك لە ڕێگای دوژمنایەتیی هیچ بەشێکی دیکەی کۆمەڵگای ئێران.

ئێمە بە پشتبەستن بە کردەوەی دەیان ساڵەی خۆمان تەئکید دەکەین کە کوردستان مەکۆی پتەوی ئازادیخوازیی و دێموکراسیخوازی لە ئێران بووە و دەبێ، لە دژوارترین هەلوومەرجیشدا لە هیچ جۆرە دۆستایەتی و هاوکارییەك لەگەڵ خەباتکارانی سەراسەری ئێران درێغی نەکردوووە، بەڵکوو هەمیشە پاڵپشتی گشت ئازادیخوازانی ئێران بووە. ئەمڕۆش نزیکی و هاوکاریی چڕوپڕی حیزبە خاوەن پێشینەکانی کورد کە گەورەترین پێگەی جەماوەری و متمانەی جەماوەریی بەرینیان لە پشتە، لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەتننامەیەدا، بە بەشی خۆمان بەرەی خەبات دژی سەرەڕۆیی حاکم لە ئێران بەهێز دەکا و دەتوانێ وەك بەرەیەکی بەهێز لە پێکهێنانی هەر جۆرە هاوپەیمانییەکی ئۆپوزیسیۆنی دێموکراسیخوازی ئێران دەور ببینێ و هەر بۆیە دەبێ لە ڕاستیدا لەگەڵ پێشوازیی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراسیخوازی سەراسەری بەرەوڕوو بێ و بەسەرەتایەکی باش سەیری بکرێ.

ئێمە وێڕای ڕێزی تەواو بۆ هەموو ئەو دۆستانەی کە لە بەرامبەر ئەم جۆرە هێرشە ناڕەوایانەدا دیفاعیان لە گەلی کورد و خواستە بەرهەقەکانی و دیفاعیان لە حیزبە کوردستانییەکان کردووە، ئەو ئاژیتاسیۆنە دوژمنانەیەی کە لە دژی گەلی کورد و حیزبەکانی کەوتۆتە ڕێ مەحکووم دەکەین و لە سەر ئەو باوەڕەین ئەم جۆرە زمان و پڕوپاگەندە نامەسئوولانە و نادێموکراتیکە، تەنیا فەزای سیاسی ژەهراوی و ئاڵۆز دەکا و لە هەموو لایەکەوە توندڕەوی پەرە پێدەدا و بزووتنەوی ئازادیخوازی و دژی سەرەڕۆیی گشتی لە ئێران لاواز دەکا. هەر بۆیە داوا لە گشت ڕووناکبیران و کەسایەتییەکان و هێزە سیاسییەکان دەکەین وێڕای مەحکوومکردنی ئەم هاتووهاوارە تەبلیغاتییە ژەهراوییە، یارمەتی دابینکردنی فەزایەکی گونجاو بۆ دیالۆگی بوونیادنەر و هێمنانە بدەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢٢ی خەرمانانی ١٣٩١ی هەتاوی

## بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکرات لە یادی ٥١ ساڵەی شۆڕشی ئەیلوول

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٢٠ی خەرمانانی ١٣٩١ی هەتاوی، لەسەر بانگهێشتی فەرمیی پارتی دێموکراتی کوردستان، لە یادی ٥١ ساڵەی شۆڕشی ئەیلوولدا بەشداری کرد

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە بەخێرهاتن کردنی میوانان لە لایەن بەڕێز «کاکە ئەمین نەجار»، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان دەستی پێکرد و دواتریش بەڕێز مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان وێڕای باسکردن لەسەر دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئەیلوول و ڕۆڵی مەلا مستەفا بارزانی، باسێکی لەسەر ڕەوشی عێراق و کێشە و ئاستەنگەکانی نیوان کورد و حکوومەتی ناوەندی پێشکەش کرد و سەبارەت بە ڕەوشی کوردانی سووریە چەند باسێکی هێنایە ئاراوە.

پاشان بەڕێز سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پەیامێکی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا ژمارەیەکی زۆر لە هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و پارلمانتارەکان و وەزیرەکان و کونسوولی وڵاتان بەشدار بوون.

## دوو حیزبی کوردی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لە هاودیتنێکدا لەسەر ڕەوشی وڵاتەکەیان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریە بە سەرپەرستیی بەڕێز عومەر جەعفەر، ئەندامی دەفتەری سیاسیی ئەو حیزبە، سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٢٧ی خەرمانانی ١٣٩١ی هەتاوی، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب و ژمارەیەك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و ڕێبەریی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.




هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریە، وتیان: «سەردانی ئێمە لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەو ئامانجەیە کە لەسەر ڕەوشی سیاسیی سووریە و کورد لەو وڵاتە و ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی سووریە و خەباتی جەماوەریی کۆمەڵانی خەڵك دژی ڕێژیمی دیکتاتۆریی بەشار ئەسەد ئاگادارتان بکەین. پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و حیزبی ئێمە مێژوویەکی پڕ لە سەروەری و شانازیی هەیە و لەگەڵ ڕێبەرانی شەهید دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی دۆستایەتییەکی لەمێژینەمان بووە. ئەو پێوەندییانە بۆ ئێمە زۆر گرینگی هەیە و بەردەوام دەبێ لە پێوەندیدا بین».

پاشان بەڕێز حەسەن شەرەفی پێخۆشحاڵ بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەم سەردانەیان دەربڕی و بزووتنەوەی کورد لە سووریە و خەباتی پارتە سیاسییەکانی کورد لەو وڵاتەی بەرز نرخاند و ڕوانینی حیزبی دێموکراتی لەسەر پرسی کورد لە سووریە خستە بەر نەزەری دۆستانی کوردی سووریە. هەروەها ئاماژەی بە سیاسەتی دەستێوەردانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئاستەنگ پێکهێنانی ئەو ڕێژیمەی لەسەر خەباتی کورد لە سووریە و جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی سووریەی دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد کرد و لەسەر ڕەوشی سیاسیی کورد لە ئێران و سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران قسەی کرد.

## دانیشتنی فەرمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ هاوڕێیانی جیابووەوە

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی بەڕێز محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسی، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ٢٨ی خەرمانانی ١٣٩١ی هەتاوی، سەردانی هاوڕێیانی جیابووەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی هاوڕێیانی پێشووی حیزب بە سەرپەرەستیی بەڕێز مستەفا مەولوودی، پێشوازییان لێکرا.

لە دانیشتنێکی فەرمیدا، بەڕێز محەممەد نەزیف قادری، ئاماژەی بە ئامانجی ئەم سەردانە کە هەوڵدان بۆ چارەسەریی گیروگرفتەکان لە ڕێگەی دیالوگ و گرینگیدان بەم ڕێکارە کە لە خزمەتی یەکیەتی و یەکڕیزیی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستانە کرد و لە قسەکانیدا وتی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لێبراوانە بۆ ئەم پرسە نەتەوەییە هەوڵ دەدا و هیواداره هاوڕێیانیشمان بەم ڕوانینەوە هەنگاوی بۆ هەڵگرن.

پاشان بەڕێز مستەفا مەولوودی، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆیان لەم سەردانە، باسی لە زەروورەتی دانیشتنەکە کرد و ڕاوبۆچوونی خۆیانیان لەم پێوەندییەدا خستە بەر نەزەری هاوڕێیانی حیزب و پاشان بەشدارانی کۆبوونەوەکە نەزەر و پێشنیاراتی خۆیانیان باس کرد و پاش زیاتر لە دوو کاتژمێر کۆبوونەوە لە کەشێکی دۆستانەدا کۆتایی پێهات.

# د.سەعید مودیرێکی سەرکەوتوو، ڕێبەرێکی بەهەڵوێست و بڕیاردەر بوو

## دەقی وتەکانی بەڕێز محەممەدنەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی PDKI لە ڕێوڕەسمی ٢٠ەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی



هاونیشتمانانی بەڕێز!
خوشك و برایانی خۆشەویست !
بەشداربووانی هێژا!
میوانە بەڕێزەکان!

ئیزن دەخوازم، لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پڕ بەدڵ بەخێرهاتنتان بکەم و سپاسی بەشداربوونتان لە ڕێوڕەسمی ٢٠ـەمین ساڵرۆژی شەهیدبوونی رۆڵەی هەڵکەوتووی گەلەکەمان، کاك د.سادق شەرەفکەندی (کاك سەعید)، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی بکەم کە لە لایەن تیرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە وڵاتی ئاڵمان شەهید کران. بەشداریی ئێوە لەم کۆڕەدا لە لایەکەوە، ڕێزگرتن و دەربڕینی هەستی پیرۆزی مرۆڤدۆستانەتان بەرانبەر بەم پۆلە تێکۆشەرەی حیزبەکەمانە و لە لایەکی دیکەوە دەربرینی ڕق و بێزاریتان لە تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئێران و بڕیاردەرانی ئەم تاوانە گەورەیە.

بەشداربووانی هێژا،

لە کۆتایی هاوینی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی، ڕێبەری بەوەجی حیزبەکەمان کاك د.سەعید بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کۆمەڵێك ئەرکی سیاسی، سەفەری ئورووپای کرد، بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست چووە شاری برلین، پێتەختی وڵاتی ئاڵمان. کاك د.سەعید کە سەرۆکایەتیی شاندی حیزبی دێموکراتی دەکرد، لە ماوەی کاری کۆنگرەدا، بە شێوەیەکی شیاو لە باس و بابەتەکانی کۆنگرە و رەوشی سیاسیی ئێران و پرسی کورد و سیاسەتە دژەمرۆییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران قسەی کرد.

پاش تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرە، بەشی دووهەمی سەفەرەکەی بریتی بوو لە دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی. بۆ ئەم مەبەستە، ڕێستورانی میکونووس لە شاری برلین دەستنیشان کرابوو. کاك د.سەعید و شاندی هاوڕێی کە بریتی بوون لە هاوڕێیان فەتاح عەبدولی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات و هومایوون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و نووری دێهکوردی، چالاکی سیاسی و دۆستی حیزبی دێموکرات، پاش گەیشتنیان بە شوێنی کۆبوونەوەکە، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کورت لە گەیشتنیان، بە داخەوە تیرۆریستەکانی سەر بە ڕێژیم کە لەمێژ بوو لە هەوڵی زەربەلێدان لە کاك د.سەعید و شاندی هاوڕێی بوون، خۆیانیان گەیاندە شوێنی کۆبوونەوەکە و ئەو هاوڕێیانەیان زۆر بێبەزەییانە وەبەر دەستڕێژی چەکەکانیان دا و شەهیدیان کردن. بە ئەنجامدانی ئەم تاوانە، ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران جینایەتێکی سامناکی دیکەیان دەرحەق بە گەلی کورد و حیزبە تێکۆشەرەکەمان خوڵقاند، ڕێبەران و تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاتێکدا کە گەلی کورد و حیزبی دێموکرات، هێشتا برینی بەئێشی شەهیدبوونی ڕێبەری مەزنمان کاك د.عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانیان لە شاری وییەن ساڕێژ نەکردبوو، جینایەتێکی دیکەیان بە شەهیدکردنی ئەم ڕێبەرە بەوەجەی حیزبەکەمان بەڕێوە برد. پاش ئەنجامدانی ئەم تاوانە گەورەیە، پۆلیسی وریای ئاڵمان و دەزگا ئەمنییەتییەکانی خێرا دەستبەکار بوون و توانیان قاتڵەکان بگرن و ڕاپێچی دادگایان بکەن. لە لێکۆڵینەوە بەراییەکاندا دەرکەوت ئەم تاوانەیش لە لایەن مرۆڤکوژانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بە بڕیاری ڕێبەرانییەوە بەڕێوە چووە.

هەواڵی کارەساتی دڵتەزێنی شەهیدانی میکونووس بوو بە یەکێك لە هەواڵە گرینگەکانی ڕاگەیەنەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا و لە لایەن وڵاتانی پێشکەوتوو و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و مرۆڤدۆستەکانەوە مەحکووم کرا و هاودەردییان لەگەڵ حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدەکان کرد. هەر لەم بارەوە کەسایەتیی سیاسی و ناسراوی ئورووپایی د.بێرنارد کوشنێر، وەزیری کاروباری مرۆیی فەڕانسە و دۆستی بەوەفای حیزبی دێموکرات و گەلی کورد، بە چاوی پڕ لە فرمێسك و دڵێکی پڕ لە هەستی ئینسانییەوە لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی شەهیدەکان لە گۆڕستانی پێرلاشێز لە کاتی قسەکردنیدا وتی: «قاتڵەکان هەر هەمان قاتڵەکانی جارانن و قوربانییەکانیش هەر هەمان قوربانییە هەمیشەییەکانن، دونیا چەند بە هێواشی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ، ڕێگای عەداڵەت و ئازادی چ ڕێگایەکی درێژ و پڕە لە گۆڕی براکانی ئێمە.»

د. کۆشنێر لە کۆتایی قسەکانیدا بە زمانی کوردی وتی: براکانم خەباتی ئێوە خەباتێکی بەرحەقە، ئەو خەباتە، خەباتی منیشە، هەرگیز فەرامۆشتان ناکەم، بژی ئازادی، بژی دێموکراسی .

خوشك و برایانی بەڕێز!

ئەوە هەست و سۆزی ئەو کەسایەتییە مرۆڤدۆستە بوو بەرانبەر بە شەهیدەکان و گەلی کورد، لە بەرانبەریشدا بە ناو ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی، وەك گورگی برسی فتوای جیهاد بەرانبەر بە گەلی کورد و، بڕیاری تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی ئەدەن.

بەڕێزان!

دارشتنی پیلانی تیرۆرکردنی کاك د.سەعید و هاوڕێیانی، لە لایەن ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و ڕق لە دڵی وەکوو کۆماری ئیسلامییەوە، شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، ئەم ڕێژیمە تیرۆریستییە، بەو خەیاڵە، ڕێبەری گەورەمان د.عەبدولڕەحمان قاسملووی تیرۆر کرد کە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان بەچۆکدا دێنێ و بێ سەری دەکا، بەڵام دیار بوو، ڕێبەرانی تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی لە مێژوو دەرسیان وەرنەگرتبوو، کە بە شەهیدکردنی ڕێبەرێکی حیزبی دێموکرات، دەیان رۆڵەی تێکۆشەری دێموکرات قوتابییانی ڕێبازی پێشەوا قازی محەممەد، د. قاسملوو و د.سەعید بەوپەڕی لێوەشاوەییەوە درێژەپێدەری ڕێبازە پیرۆزەکەیان دەبن، هەروەك دوای شەهیدکردنی د.قاسملوو، کاك د.سەعید وەکوو یادگارێکی بەئەزموونی د.قاسملوو، نیشانی دا حیزبی دێموکرات هەروا سوارچاکی گۆڕەپانی خەبات و بەرخۆدانە، دوای شەهیدکردنی کاك د.سەعیدیش، بەخۆشییەوە خەونەکانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بەدی نەهاتن، حیزبی دێموکرات لە هەموو بوارەکانی خەباتدا خۆی ڕێك خستەوە و بە گوڕوتینتر لە جارانیش درێژەی بە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان دا.

بەشداربووانی هێژا!

قسەکردن لەسەر کاك د.سەعید و خزمەتەکانی بە حیزبی دێموکرات، کاتێکی زۆری دەوێ لەم ماوە کورتەدا تەنیا دەتوانم ئاماژە بە کۆمەڵێك ڕوانینی سیاسی و پرەنسیپی شۆڕشگێڕی و بەها مرۆییەکانی ئەم ڕێبەرە بلیمەت و زانایە بکەم.

ئەم ڕۆڵە تێکۆشەرە لە ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی لە ڕێگەی پێوەندی بە ڕێبەری گەورەمان د.قاسملوو، خەباتی سیاسی و تەشکیلاتی دەست پێ دەکا، چالاکانە پلەکانی تەشکیلاتی لە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامی دەفتەری سیاسی و جێگری سکرتێر و سەرەنجام سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی بڕی و وەکوو ڕێبەرێکی بەوەج و سیمایەکی ناسراوی سیاسی لە ئاستی نێونەتەوەیی و بزوتنەوەی کورد و جووڵانەوەی دێموکراسیخوازی ئێراندا ناسرا.

لە بواری سیاسی و فیکرییەوە باوەڕێکی قووڵی بە کاك د.قاسملوو بوو، وەکوو ئۆگرێکی ڕێبازی د.قاسملوو، داکۆکی لە پاراستنی بنەما سیاسی و نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکرد.

ـ لە پووچەڵکردنەوەی پیلان و سیاسەتی بەلاڕێدابردنی ڕێبازی حیزبدا لە لایەن دوژمنانی کورد و نەیارانی حیزب، شان بە شانی د.قاسملوو، خەباتی کرد و وەکوو قەڵایەکی قایم لە پشت ئەم ڕێبەرە گەورەیە مایەوە.

ـ لەو باوەڕەدا بوو حیزبێکی سیاسی کاتێك دەتوانێ بە ئامانجەکانی بگا کە خاوەنی ڕێکخستنێکی سیاسی، بە بیروباوەڕ و پێگەیشتوو بێ، بە درووشمی «ڕێکخراو چەکی هەرەگرینگی ئێمەیە» بە کردەوە گرینگی ئەدا و هەوڵی پەروەردەی سیاسیی ئەندامانی حیزبی ئەدا.

ـ شانازیی بە پێشمەرگەبوونییەوە دەکرد، لەو باوەڕەدا بوو کە پێشمەرگە وەکوو رەمزی ڕزگاری و پاراستنی گەل و نیشتمان کار و کرداری دەبێ لە ئاستی حیزبی دێموکراتدا بێت و بە ئاکار و کرداری شیاو، شۆڕشگێڕبوونی بسەلمێنێ.

ـ بە کوردبوونییەوە شانازی دەکرد. پاراستنی شوناسی نەتەوەیی بۆ ئەو لە سەرەوەی هەموو ئیدئۆلۆژییەکەوە بوو. لەو باوەڕەدا بوو بۆ ئینسانی شۆڕشگێڕ ئەوەڵ سەلماندنی شوناسی نەتەوەیی گرینگە، پاشان داکۆکی لە خەڵکی دیکە». هەر لەم ڕوانگەیەوە بوو کە کۆنووسێکی لە شۆڕشەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان و ئەزموونە بەنرخەکانی ئەو ڕاپەرین و سەرهەڵدانانەی نووسی و ئێستاش وەکوو وانەیەکی نەتەوەیی گرینگی خۆی هەیە.

ـ کاك د.سەعید لەو باوەڕەدا بوو کە هەم لە ئاستی کوردستان و هەم لە ئاستی سەرتاسەریدا، پێکهێنانی پلاتفۆرمێك بۆ هاوکاری هێزە سیاسییەکان بۆ پاشەکشە بە دیکتاتۆری و ڕووخاندنی ڕێژیم پێویستییەکی سیاسییە. هەر بە ئەو ڕوانینەوە بوو کە هەوڵی پێکهێنانی کۆبوونەوەی میکۆنووسی دا، لە ڕێی هاوکاری و هاوخەباتیی ئۆپۆزیسیۆنی سەرتاسەریدا گیانی لە پێناوی ئامانجە پیرۆزەکانی گەلانی ئێران و دێموکراسیدا پێشکەش کرد.

ئەم ڕێبەرە مەزنە، جگە لەم خاڵانە باس کران، باوەڕێکی قووڵی بە دادپەروەری و یەکسانی هەبوو، ڕێزی لە مافەکانی ژنان دەگرت و باوەڕی بە پێگەیاندنی لاوان و بەشدارییان لە کاری سیاسیدا بوو، هەروەها وەك کەسایەتییەکی زانستی، گرینگی بە بزووتنەوەی خوێندکاری ئەدا و هەوڵی ئەدا پێشڕەوانی ئەم بزووتنەوەیە لە دەوری سیاسەتەکانی حیزبدا کۆ بکاتەوە.

کاك سەعید، لە ماوەی نیزیك بە ٢٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی بێوچانی لە حیزبی دێموکراتدا بوو بە خاوەنی ئەزموونێکی زۆر و لە ئەرك و بەرپرسایەتییەکانیدا نموونەی ڕێبەرێکی سەرکەوتوو بوو لە زۆربەی ئۆرگانەکانی حیزبیدا، ڕۆڵ و نەخشی دیار بوو، وەکوو مودیرێکی سەرکەوتوو، ڕێبەرێکی بەهەڵوێست و بڕیاردەر بوو بە سیمایەکی دێموکرات و کادرێکی باش و، کەسایەتییەکی راستگۆ لە نێو هاوڕێیانی و خەڵکی کوردستاندا ناسرا.

شەهیدێکی دیکەی کارەساتی میکونووس، هاوڕێ فەتاح عەبدولی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات بوو. کاك فەتاح یەکێك لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بوو کە لە ماوەی خەبات و تێکۆشانیدا بە شانازییەوە ئەرکە حیزبییەکانی بەجێ گەیاند، وەکوو کادرێکی هەڵکەوتوو و سەرکەوتوو بەرپرسایەتیی دەرەوەی وڵاتی پێ ئەسپێردرا و تا کاتی شەهیدبوونی بەوپەڕی دڵسۆزییەوە خزمەتی بە ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات کرد.

قوربانییەکی دیکەی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە، کاك هومایوون ئەردەڵان، کادرێکی پایەبەرز و نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئاڵمان بوو، کاك هومایوون کادرێکی تێگەیشتوو و بە پرەنسیبی حیزب بوو، لە ماوەی بەرپرسایەتیی حیزبیدا ئەرکی خۆی بە باشی بەڕێوە برد.

کەسایەتییەکی دیکە کە لەم پیلانە تیرۆریستییەدا شەهید کرا، هاوڕێ نووری دێهکوردی، دۆستی دێرینی حیزبی دێموکرات و خەباتگێڕی ڕێگای ئازادی بوو، ئەم تێکۆشەرە سیاسییە یەکێك لە خەباتگێڕانی شێلگیری دژی ڕێژیم بوو، سەرئەنجام لە پێناو ئازادی و دێموکراسیدا گیانی بەخت کرد.

خوشك و برایانی بەڕێز!

هەروەك ئاماژەمان پێ کرد، دەزگا پەیوەندیدارەکانی ئاڵمان توانیان بێ فرسەتدان بە قاتڵەکان زوو تیرۆریستەکان بگرن و ڕادەستی دادگایان بکەن. ڕێبەرانی ڕێژیم کە بڕیاردەر و داڕێژەری پیلانی ئەم تیرۆرە بوون، هەموو هەوڵی خۆیان لە ڕێگەی کاناڵە بەناو دیپلۆماتیکەکانیانەوە بۆ پەکخستنی لێکۆڵینەوەکان و رەوتی کاری دادگا و کپکردنی لێدوانەکانی قازییەکانی دادگا دا. هەروەك بێرند ئیشمیت باور، وەزیری ڕاوێژکار بۆ کاروباری ئەمنییەتی ئاڵمان کە لە کاتی لێکۆڵینەوەی دادگای باڵای بیرلیندا، وەك شاهید قسەی دەکرد، دانی بەوەدا نا کە یەکێك لە بڕیاردەرانی تیرۆری میکونووس، عەلی فەلاحیان زۆر هەوڵی داوە کە پێش بە پێکهێنانی ئەم دادگایە بگرێ، بەڵام هەروەك باسمان کرد، دادگای ئاڵمان بوێرانە، ڕێگەی خۆی پێوا و سەرەنجام لە ڕۆژی ١٩٩٧/٤/١٠ی زایینی پاش نیزیك بە ٥ ساڵ لێکۆڵینەوەیەی ورد و بێلایەنانە، بڕیاری مێژوویی و مرۆڤدۆستانەی خۆی ڕاگەیاند، لەم بڕیارە ئازایانەدا، ناوی قاتڵەکان و بڕیاردەرانی ئەم تاوانەی کە ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن و لە بەرزترین ئاستی بەرپرسایەتیدان، بە رای گشتی ناسێنرا و پەردە

درێژەی لە لاپەڕە ٩



### مستەفا هیجری:

# دوکتور شەرەفکەندی بە رێبەرایەتی لێبڕاوانە و ژیرانەی خۆی توانی هیوا و هومێد لە نێو ریزەکانی حیزب و لە نێوی خەڵکی کورددا بێنێتە ئاراوە



بەڕێز مستەفا هیجری لە کۆنفرانسی یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی کە رێکەوتی ٢٤ی خەرمانان کە لە یەکێك لە هۆڵەکانی پارلمانی فەڕانسە بەڕێوەچوو، وتارێکی پێشکەش کرد. دەقی وتەکانی بەڕێزی بەم شێوەیە:

دێموکراسی لە ئێران، ئاشتی و سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست!

خوشك و برایانی هێژا!

لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەخێرهاتنێکی گەرمتان دەکەم بۆ ئەم کۆنفرانسە. پێم خۆشە سپاسی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس بکەم بۆ ئامادەکاری ئەم رێوڕەسمە و هەروەها بۆ دانی دەرفەت بۆ ئاخافتنی من لێرە.

ئەمڕۆ لێرە کۆبووینەتەوە کە لە ساڵرۆژی مەرگی دوکتور سادق شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەڵان و نووری دێهکوردی یادی ئەو مرۆڤە ئازادیخوازانە بکەینەوە. پەیوەستبوونی دوکتور شەرەفکەندی بە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی ١٩٧٠، ئەو کاتەی قوتابی دوکتورا بوو لە فەڕانسە. ئەو شانازییەم پێ بڕابوو کە ساڵانێك هاوکاری بم. دوکتور شەرەفکەندی تێکۆشەرێکی بەئەمەگی مافی کورد و دێموکراسی و ئازادی لە ئێراندا بوو. پاش تێرۆری دوکتور قاسملوو لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩، دوکتور شەرەفکەندی رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی وەئەستۆ گرت. تێرۆری دوکتور قاسملوو، خەسارێکی مەزن بۆ کورد بوو، بەڵام لەو رۆژە سەخت و دژوارانەدا دوکتور شەرەفکەندی بە رێبەرایەتی لێبڕاوانە و ژیرانەی خۆی توانی هیوا و هومێد لە نێو ریزەکانی حیزب و لە نێوی خەڵکی کورددا بێنێتە ئاراوە.

دوکتور شەرەفکەندی و سێ هاوڕێ تری، بە دەستی رێژیمی ئێران لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢دا لە بێرلین تیرۆر کران. ئەگەر بریاری بوێرانەی بەشی دادوەریی ئاڵمان بۆ راکێشانی بکوژان بۆ بەردەم دادگا نەبووبایە، دۆسیەی تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بێ‌ئاکام دەمایەوە. تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی یەك لەو کۆمەڵە تیرۆرانەی رێژیمی ئێران بوو کە لە ناو خاکی ئورووپادا ئەنجام دران.

بەپێی ناوەندی بەڵگەکانی مافی مرۆڤی ئێران کە رێکخراوێکی سەربەخۆیە و لە ساڵی ٢٠٠٤ لە لایەن چەند پارێزەر و پسپۆڕ دامەزراوە، رێژیمی ئێران ١٦٢ جیابیری خۆی لە ١٩ وڵات لە سەرانسەری جیهان تێرۆر کردووە. زێدە لەمە، بۆ ئاگاداری ئێوە تەنیا لە ساڵەکانی دەیەی ٩٠دا، رێژیمی ئێران ١٥١ ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە کوردستانی عێراق تێرۆر کرد.

ئەگەرچی هێندێك لە وڵاتانی دیکەش جیابیران و دژبەرانی خۆیان لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان کردۆتە مەبەست، بەڵام رێوشوێنی تێرۆری رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەیانگەری ئەو راستییەیە کە تیرۆریزم بەشێکی جیانەبووەی ستراتیژیی ئەم رێژیمەیە بۆ درێژەدان بە دیکتاتۆرییەت لە نێوخۆ و پەرەپێدانی توندئاژۆیی و خۆف لە دەرەوە. پشتیوانی رێژیمی ئێران لە تێرۆریزم، نە تەنیا هاوڵاتییانی ئێرانی کردۆتە مەبەست، بەڵکوو هاوڵاتییانی بیانی و لە نێو ئەواندا ئورووپاییەکانیشی لێ بێبەش نەکردووە.

تێگەیشتن لەم راستییانە ـ کە تێرۆریزم بەشێکی جیانەکراوەی ستراتیژیی رێژیم لە نێوخۆ و لە دەرەوەیە و قوربانییانی تەنیا ئێرانی نین ـ کاردانەوەی سیاسیی گرینگی هەیە.

لەمێژ ساڵە، ئێمە لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتی ئێرانیدا پێداگریمان کردووە لەسەر ئەوەی کە بەرژوەندیی درێژخایەنی خەڵکی ئێران و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یەك شتن: ئێرانێکی ئازاد و دێموکرات. بەڵام، بە لەبەرچاوگرتنی هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوکی، پشتیوانی لە تێرۆریزمی جیهانی و هەروەها هەوڵی ئەم رێژیمە بۆ سەیتەرەی تەواو بە سەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمە لە جاران زۆر روونترە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستییە، پشتیوانیکردن لە خەباتی لەمێژینە بۆ ئازادی و دێموکراسی لە ئێراندا نە تەنیا ئەخلاقەن درووستە، بەڵکوو لە روانگەی ئاشتی ناوچەیی و سەقامگیرییەوە بە واتای پرسێکی ستراتژیکی حەیاتییە.

بە شێوەی سرووشتی، ئەوە بەو واتایە دێ کە سەقامگیری پێویستە پێناسەکی نوێی بۆ بکرێت. سەقامگیری نابێت تەنیا بە واتای نەبوونی شەڕ، یان بوونی ئاڵۆزی و ناکۆکی بەرتەسك لێك بدرێتەوە، بەڵکوو پێویستە بە باری ئەرێنیدا بخوێندرێتەوە و بە بوونی دێموکراسی بەردەوام گرێ بدرێ ـ وەك ئورووپای رۆژئاوا. لە حاڵێکدا واتای زاڵی «سەقامگیری» لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا بووەتە تراژیدیایەکی مرۆڤایەتی سەلمێندراوە. چالاکانی مافی مرۆڤ لە سەرانسەری ناوچەکەدا دەیان ساڵە هاوار دەکەن کە سەقامگیریی بەرهەمهاتووی دامودەزگای سەرکوت نەتەنیا تراژیدیایەکی مرۆڤایەتییە بەڵکوو ئاکامیشی هەر شکستە.

رێژیمە دیکتاتۆرییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، حکوومەتەکانی ناوچەیان کردۆتە دوژمنی گیانی هاووڵاتییانیان و بەهاری عەرەبی جارێکی دیکە ئەم راستییەمان وەبیر دێنێتەوە. کەوابوو، نابێ جێگای سەرسووڕمان بێت کە مەزنترین هەڕەشە بۆ رێژیمە نامەشروع و سەرکوتکەرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرەکی نین، بەڵکوو نێوخۆیین. ئەو «سەقامگیرییەی» ئەوان پێیان وابوو پێی گەیشتوون و بە پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ رایانگرتبوو لە ئاکامدا بە رووخان و لەبەینچوونیان تەواو بوو ـ هەروەك لە تونێس و میسر و لیبی و یەمەن شاهیدی بووین. ئەم پرۆسەیە ئێستا سووریەشی گرتووەتەوە، گەرچی رێژیمی دەسەڵاتدار بە هاوکاری تەواوی رێژیمی ئێران و بە بەکارهێنانی ماشینی کوشتار لە هەوڵی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدایە. ئەوانەی کە پێشتر لەو بڕوایەدا بوون کە دیکتاتۆرەکان لە رۆژهەڵاتی ناڤین توانایی راگرتنی سەقامگیرییان هەیە، و هەر بەم هۆکارەش چاویان لەم تراژیدیایە ئەخلاقی و مرۆڤایەتییە نووقاندبوو، دەبێ خوێندنەوەی ئەرێنی سەقامگیری رەچاو بکەن.

خوێندنەوەی سەقامگیری بەم چەشنە نوێیە نە تەنیا ئەخلاقەن درووستە، بەڵکو لە روانگەی ئاسایشی ناوچەیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بایەخی ستراتژیشی هەیە. بۆ سەلماندنی ئەم راستییە تەنیا پێویستە سەیری پێوەندییەکانی ئورووپای رۆژئاوا، ئەمریکا، ئوسترالیا و ژاپۆن پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بکەین. سەقامگیریی واتادار و ئاسایشی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەردەوام تەنیا لە رێگای دێموکراسییەوە بەئاکام دەگات.

ئێرانێکی دێموکراتیك کە رێز لە مافە نەتەوەیی، کولتووری و ئایینییەکانی کۆمەڵگای خۆی بگرێ، ئەو رێبازە بوو کە دوکتور شەرەفکەندی خەباتی بۆ دەکرد. ئەو باوەڕی بەوە بوو کە ئێرانی ئازاد و دێموکراتیك نەك هەر لەگەڵ خۆی بەڵکوو لەگەڵ دونیای دەرەوەش لە ئاشتیدا دەبێ. ئێران هەموو ئەو پۆتانسییەلانەی تێدا بەدی دەکرێ کە وڵاتێکی گرنگ و ئەندامێکی کارامەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێت، گەر بێت و رێگای بەرەوە سەربەستی و دێموکراسی بگرێتە بەر.

بەڵام هەتا هەنووکە رێژیمە دەسەڵاتدارەکانی ئێران مافی هاووڵاتییانیان بە شێوەیەکی سیستماتیك ژێرپێ ناوە. گەرچی بە میلیۆنان لە خەڵکی ئێران، بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەگەز و جنسییەت، سەرکوت کراون، بەڵام ناکرێ ئەم راستییە نەبینین کە هەرکام بە هۆکارێکەوە سەرکوت دەکرێن. کورد، ئازەری، بەلوچ، تورکمان و عەرەبەکان و کەسانی سەر بە کەمایەتییە ئایینییەکانی بەهایی و یارسان بە هۆی شوناسی نەتەوەیی، زمانی و ئایینییانەوە سەرکوت دەکرێن. تێگەیشتن لەم راستییە گرینگییەکی ئەساسی هەیە لە دارشتنی سیستمێکی سیاسیی نوێ لە ئێراندا کە بە راستی دێموکراتیك بێ.

لە کوردستانی ئێران سەرکوت نەهادینە کراوە و لایەنی سیاسی، کولتووری، ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە. لە گشتیان گرینگتر، کورد مافی خوێندن بە زمانی زگماکی و مافی خۆبەڕێوەبەری بۆ پاراستنی کەلەپووری نەتەوەیی و کولتووری لێ زەوت کراوە کە بۆتە هۆی ئەوە کە کولتووری کوردی بەردەوام لە بەردەم مەترسیدا بێ. زێدە لەمە، دەسبەسەرکرانی سەرەڕۆیانە، بەند و شکەنجەکردنی چالاکانی مافی مرۆڤ، بیرمەندان و بگرە خەڵکی ئاساییش کردەوەگەلێکی رۆژانەن لە کوردستانی ئێران. بێجگە لەوانە ئاکامی رەوشی بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتە کوردستانی لە دۆخی خوار گەشەی ئابووری هێشتووەتەوە و کاردانەوەی نەرێنی وەك نەبوونی هەلی گونجاوی پەروەردە و کار، دڵەڕاوکێی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی، بەرزبوونی ئاستی خۆکوژی (بەتایبەتی لە نێو ژناندا) گیرۆدەبوون بە مادە هۆشبەرەکان و گەلێك دیاردەی ناحەزی کۆمەڵایەتی دیکەی بەدواوە بووە.

ئەم هۆیانەن کە پشتیوانیی بەربڵاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانی بۆ گۆڕینی رێژیم راکێشاوە. بەشداریی کەمی خەڵك لە هەڵبژاردنە شانۆییەکان، تەنانەت بایکوتکردنی ئەو هەڵبژاردنانەی کە رێژیمی ئاخوندی لە کوردستان بەڕێوەیان دەبات، بەڵگەی ئەم راستییەن. ئێمە دڵنیاین کە لە ئەگەری لەئارادابوونی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە ـ کە بە بڕوای ئێمە لە ژێر سێبەری رێژیمی ئێستادا مومکین نیە ـ خەڵکی کورد دەنگ بە دێموکراسی فێدارڵی و سێکولار دەدەن. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە لە کوردستانی ئێراندا، راپرسی گشتی دیاریکردنی چەشنی حکوومەت لە ساڵی ١٩٧٩دا بایکوت کرا. بڕوامان وایە کە داخوازیی سیستمێکی سیاسیی نوێ لە سەرانسەری وڵاتدا پشتیوانیی بەربڵاوی خەڵکی لەگەڵە. بەڵگەی ئێمە بۆ ئەم بۆچوونە لەم پرسیارەدا دەردەکەوێ: ئەگەر رێژیمی ئێستای تاران لای وایە کە پشتیوانیی زۆربەی حەشیمەتی ئێرانی لە پشتە، بۆچی رێگا بە هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە بە ئامادەبوونی چاوەدێرانی نێودەوڵەتی نادەن؟ وڵامی ئەم پرسیارە روونە و ئاشکرایە.

لە نیهایەتدا ئەوە ئەرکی سەرشانی خەڵکی ئێرانە ـ بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە ـ کە دەسەڵاتێکی دێموکراتیك لە وڵاتەکەیان بێننە ئاراوە کە ئاوێنەی ویست و داخوازەکانیان بێت و رێز لە مافەکانی تاك و کۆمەڵ بگرێت. بۆ سەرکەوتن لەو خەباتەیە کە ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٦دا بە هاوپەیمانی لەگەڵ ژمارەیەك لە رێکخراوەکانی باقی نەتەوەکانی ئێرانی، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵمان پێك هێنا تا هەموو پێکەوە لە راستای بەئەنجامگەیاندنی ویست و داخوازە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران تێبکوشین لە هەمان کاتدا بۆ سەرکەوتن لەم خەباتە پشتیوانیی سیاسی و ئەخلاقی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیمان پێویستە. ئەمانە بەشێك لەو هۆکارانە بوون کە دوکتور شەرەفکەندییان هان دا کە لە ساڵی ١٩٩٢دا سەفەری بێرلین بکات و کۆبوونەوە لەگەڵ سیاسەتڤانانی ئورووپایی پێك بێنێ بۆ شیکردنەوەی روانگەی خۆی لەسەر داهاتوویەکی دێموکراتیك بۆ ئێران و کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ ئەم رێبازە.

دوکتور شەرەفکەندی و رێبەران، سیاسەتڤانان و چالاکانی بێ ئەژماری کورد ژیانیان پێشکەشی ئەم رێبازە کردووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەباتی خۆی بۆ وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی کورد و ئازادی و دێموکراسی لە ئێراندا درێژە پێ دەدا. ئێمە، وەك هەمیشە، بۆ وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتی بۆ گواستنەوەیەکی دیمۆکراتی لە ئێراندا حازرین و قوربانیشی بۆ دەدەین.

---

**رۆژەڤ**

و: رەزا فەتحوڵلانژاد

## دوژمنی سەرەکی جیوگرافیکی ئامریکا

ماڵپەڕی «سیاسەتی دەرەکی» وتارێکی بە قەڵەمی جان ئارکویلا بە ناوی « بەڵێ، رووسیە دوژمنی سەرەکی جیوگرافیکی ئێمەیە، بۆچی میت رامنی لە بارەی مۆسکۆوە راست دەکات؟» بڵاو کردەوە. نووسەر لە سەرەتادا نووسیویەتی: «زەقترین بزواندنی مۆرەی شەترەنجی رکەبەرایەتیی سەرکۆماری تا ئێستا لە لایەن میت رامنییەوە ئەوە بووە کە رووسیە دوژمنی پلە یەکی جیوگرافیکی ئامریکایە. کاندیدای کۆماریخوازەکان یەکەم جار مانگی پێشوو ئەمەی باس کرد و لە لایەن دێموکراتەکان تا ئێستا بە بیرکردنەوەی کۆنی سەردەمی شەڕی سارد تۆمەتبار کراوە. هێندێ لەو باوەڕەدان ئەم بۆچوونە لەوانەیە تەنانەت خەسار لە رادەی دەنگدەرانی کۆماریخوازەکان کە تێگەیشتنی نەریتییان هەیە و لە کاروباری ئاسایشی نەتەوەییدا لە دێموکراتەکان زیرەکترن، بدات.»

ئەو دواتر دەنووسێ رامنی حەوتووی رابردوویش هەر ئاماژەی بەم بۆچوونەی خۆی دا و وتی: «هەر شتەیەك کە ئێمە لە ئاستی جیهاندا هەوڵ دەدەین بیکەین، ئەوان هەوڵ دەدەن و دژایەتی دەکەن». «بەتایبەتی ئەو کاتێك باسی هێورکردنەوەی شەڕ لە سووریە و چارەسەریی قەیرانی هەردەم قووڵتری ئێران دێتەگۆڕێ، لە هەڵسوکەوتی ئابستراکتیڤی رووسەکان بەڵگە دێنێتەوە.»

نووسەر دواتر بەڵگەیەك دژی بۆچوونەکەی رامنی دێنێتەوە کە: «بە هۆی پشتیوانی بەردەوامی رووسیە لە شەڕ دژی تیرۆر و ئەو رۆڵە چارەنووسسازەی مۆسکۆ لە رایەڵەی هاوپەیمانیی باکوور یاری دەکات کە تەئیدی دەستێوەردانی هاوپەیمانی لە ئەفغانستان دەکات، وێدەچێ بیرۆکەکەی تووشی سستبوون بێ». بەڵام دواتر دەڵێ «ئەمە کێشە نیە. رامنی ئێستایشی لەگەڵدا بێ، لە بارەی رووسیەوە راست دەکات» و دواتر ئاماژە بەوە دەدا کە رامنی وتوویەتی «ئێمە دەبێ جیهان لە دوورەدیمەنی ژێئۆپۆلتیکەوە هەڵسەنگێنین».

نووسەر دواتر ئاماژە بە هاتنەئارای چەمکی ژێئۆپۆلتیك و هەوڵی رووسیە بۆ کاریگەریدانان لە بوارە جیاجیاکان لەسەر ناوچەکانی جێی دزەی ئامریکا و هەروەها هەوڵی ئەو وڵاتە زلهێزە بۆ پاوانکردنی ناوچەی «هارتلەند» واتە دڵی ئۆراسیا و سەرچاوە سرووشتییەکانی و هەروەها ئەو هەزاران مووشەکە ناوکییەی کە هەیەتی، دەکات. دواتر دەنووسێ: «قسەکانی رامنی لە بارەی رووسیە دەبێ کەمتر وەکوو بیرۆکەیەکی کۆنی ستراتیژیك و زیاتر وەکوو رەخنەیەك لە وەرچەرخانی ئارامی دەرکەوتووی باراك ئۆباما ببینرێ کە بە شێوەیەك دەڵێ کە چین بەرەو شوێنێك دەڕوا کە ببێتە دوژمنی سەرەکی ژێئۆپۆلتیکی ئێمە.» نووسەر دواتر چەندین بەڵگە دەخاتەڕوو کە چین ناتوانێ ببێتە ئەو دوژمنە سەرەکییەی ئامریکا. دواتر پێی وایە چۆن ٤٠ ساڵ لەمەوبەر، سەرکۆمار ریچارد نیکسۆن دژی رووسیە لە «کارتی چین» کەڵکی وەرگرت، ئێستایش دەبێ ئەو کارە بکرێ. لە کۆتاییدا ئاماژە بە قسەیەکی دۆتۆکویل لە ساڵی ١٨٣٥ لەسەر ئامریکا و رووسیە دەکات و پێی وایە پێشبینییەکەی لە سەدەی رابردوو و هەنووکەیش هاتووە دی. دۆتۆکویل وتبووی: «دوامەنزڵیان جیاوازە و رێگەیان جیاواز، سەرەڕای ئەمەیش، هەر کامیان وێدەچێ بە هۆی هێندێ رێوشوێنی نهێنیی خواوەندەوە، رۆژێك چارەنووسی نیوەی جیهان لەدەستدا بگرن».

سەرچاوە:
Foreign Policy

# کاکە مراد



**عەلی ئەشرەف دەرویشیان**

**و: کوردستان**

کاکە مراد بۆ چەندەمین جار پارەکانی بژاردەوە. هەرکام لە پارەکانی بە وردی ئەمدیو و ئەودیو کرد. بە دەوری خۆیدا سووڕایەوە و ئاوڕێکی بۆ پشتەسەری خۆی دایەوە و دڵنیا بوو کە پارەکەی تەواوە.

بەخۆی گوت: « تا ساڵێکی دیکە خوا کەریمە، جارێ خەرجی دەکەین، کێ بمێنێ و کێ بمرێ. بەتاڵی تۆش .»

دووکانی تەنەکەچییەکەی دۆزییەوە. بە حەزەوە سەرقاڵی سەیرکردنی زۆپاکان بوو.

دەنگی ژنەکەی لە گوێیدا زرینگایەوە: « ئەرێ پیاوەکە، وەکوو موسوڵمانان تۆش زۆپایەك بکڕە بەشکم بەدەس تەپ و دووکەڵی کوانووەوە رزگارمان بێت. زستانی ئەمساڵ تووشە، منداڵەکانمن دەخنکێن.»

یەکێك لە زۆپاکانی هەڵبژارد و لە تەنەکەچییەکە کە لە تەنشت دووکانەکەوە خۆی دابووە بەر خۆرەتاوی پاش نیوەڕۆ، پرسیاری کرد: «ئەکاتە چەند برای باوکەکەم؟»

ـ هەرچەند ئەدەی بیدە. پارەکەت حەڵاڵە ئیشەڵڵا.

ـ وەڵڵاهی پارەی وامە، حەڵاڵ و حەرامەکەی نازانم. رەنگە حەڵاڵ بێت.

کاکە مراد کە هیلاکی رێ بوو، لەبەر درکەی دووکانەکە دانیشت و توورەکەی تووتنەکەی دەرهێنا و سەرقاڵی پێچانەوەی جگەرەیەك بوو.

کوڕێکی بچکۆلانەی بێدەرپێ لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدا میزی دەکرد. منداڵێکی دیکە کە تۆزێك لەو هەڵکشاوتر بوو، بە شەقازللە بە پشتەمل و سمتی رووتیدا دەیکێشا.

تەنەکەچی کە چاوی بڕیبووە منداڵەکان، پرسیاری لە کاکەمراد کرد: «چۆن وامت وەرگرت!»

ـ چەرمەسەری زۆرە. مانگ و نیوێك راکەڕاکەم کرد هەتا دووسەد و پەنجا تمەن دەستی گرتم. دەبێت ساڵێکی دیکە سێسەد و پەنجا بدەمەوە. خوا کەریمە، کێ بمێنێ و کێ بمرێ؟ غوڵامە شەلی دراوسێمان ساڵی پار دووسەد و پەنجا تمەنی وەرگرت، ئەمساڵ نەیتوانی سێسەد و پەنجا تمەنەکە بگێڕێتەوە، ئێستا بووە بە چوارسەد و پەنجا تمەن. ئەیچی برای باوکم. خوا ئەیگەیەنێ. خوا خۆی سەبەب سازە. ئێستا بڵێ بزانم زۆپاکە بایی چەندە؟

ـ سی تمەن، بە قۆڵ کوورە و ئەژنۆکەیەوە.

ـ برای باوکم، چەنێ گرانە!! ئێستا لەگەڵ من کەمتر حیساب بکە، لە لای «گاماسیاب»*ەوە هاتووم.

ـ بە مایەکەی خۆی بۆم داناوی. کەمتر لەوە قازانجم بۆ ناکا. بە گیانی منداڵەکانم درۆ ناکەم.

تەنەکەچی چاوە خەواڵووەکانی هەڵگلۆفی و بەردەوام بوو: «ئەرێ بابە پێنج تمەنیشی مەدە، حەڵاڵت بێت. بیبەوە با ماڵەکەت گەرم بێتەوە.»

کاکە مراد بەدەم پاڕانەوەوە گوتی: «تۆو قەمەری بەنی هاشم، تۆو زولفەقارەکەی عەلی، دە تمەنی وەرمەگرە.»

تەنەکەچی بە تووڕییەوە هاواری کرد: «بۆ سوێندم ئەدەی مامەگیان، کافرت بەر چنگ کەوتووە؟ ئێستاش حەوت تمەنی مەدە.»

ـ دە نا ئیدی برای باوکم، ئەو سێ تمەنەشی ببەخشە بە منداڵەکانم، نوقڵیان بۆ دەکڕم، زاریان شیرین بێ و دۆعای خێرت بۆ بکەن.

ـ باشە مامەگیان، بێنە پارەکەت. ئەمڕۆ سیفتاحم نەکردووە. ئیشەڵڵا دەستت خێر بێت.

ـ دەستم خێرە، مەرج ئەبەستم هەتا خۆرئاوا سەدی دیکە دەفرۆشیت.

کاکەمراد سەیرێکی دیکەی زۆپاکەی کردەوە. دیسانەوە لەپی دەستە شەقارشەقار بووەکەی هێنا بە زۆپاکەدا. دەنگێك وەکوو دەنگی سووانی بڕبەن بەسەر ئاسندا هاتەبەر گوێ. دەستی لە هەموو کەلێن و قوژبنەکانی وەردا. کشایەوە و لە دوورەوە سەیری کرد. هەڵیگێڕایەوە و دایەبەر تیشکی خۆرەتاوەکە و بەدوای کوندا گەڕا. هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵکێشا. کیفی پارەکەی لە بن باخەڵی دەرهێنا. بە ئارامی، وەکوو کەسێك کە کەڵەشێرێکی لاری لە بن چاکەتەکەی دەربێنێ، پشتی لە تەنەکەچی کرد و پەنجا تمەنییەکی دەرهێنا.

سەرلەنوێ بە وردی سەیری زەوی کردەوە. کیفەکەی بە ئارامی نایەوە گیرفانی و تەپانییە بنی گیرفانەکەی. بۆ دڵنیایی زیاتریش لە دیوی دەرەوە دەستی بە گیرفانە هەڵاوساوەکەیدا هێنا.

تەنەکەچی پارەکەی وەرگرت و گوتی: « خودا بدا بەرەکەت، خێری لێ ببینی ئیشەڵڵا.»

ـ تۆش خێر لە پارەکە ببینی، برای باوکەکەم.

نوقڵی بۆ منداڵەکانی کڕی. قەوارەیەك قوماشی چیتی گوڵداریشی بۆ ژنەکەی کڕی. زۆپاکەی نابوو بە شانیەوە و پریاسکەی شیرینی و قوماشیش بە دەستییەوە بوو.

گەیشتە کەناری گاماسیاب. ئاسمان هەورین بوو. ئاوەکە پتر قوڕاوی ببوو.

شەڵوارەکەی دەرهێنا. خۆی رووت کردەوە. جلەکانی لە پریاسکەکە هەڵپێچا و نای بە سەریەوە و دای لە ئاوەکە. رێگای هەمیشەی گرتەبەر و چووە پێش. رووی کردە گوندەکەیان کە لە دوورەوە سەری بە داوێنی گردەکانەوە نابوو و وەنەوزی ئەدا. ماسیە وردیلەکان دەنووکیان لە رانی ئەدا. قیزی ئەکردەوە. پێستی لەشی وەکوو مریشکی ئاوڕووتکراوی لێهاتبوو. ئاوەکە سارد بوو و دەیبڕی. تەنوورەی دەکرد. وەك بڵێی لە بنەوە دەکوڵی و هەڵیدەدا.

هەندێ جار پێی دەچەقییە لمی بنی رووبارەکە. ژێر پێی بەتاڵ دەبووەوە و سەنگی تێکدەچوو.

زۆپا و پریاسکەکەی توند بەخۆیەوە گوشی. هەندێ دوودڵ بوو. لاقی هەڵێنا و سەرلەنوێ کەوتەوە رێ.

ئاوەکە هەتا ژێر چەناگەی دەهات. کاتێك لە گوند وەدەر کەوتبوو، ئاوەکە لە سینگی تێنەدەپەڕی. هەرکە هەنگاوی هەڵدەگرت، ئاوەکە پێی لە بنی رووبارەکە دەبڕی. بەڵام خێرا لاقی لە بنی رووبارەکە توند دەکرد. هەنگاوی ورد و کورتی هەڵدەگرت و دەچووە پێش.

گوندەکە لە دوورەوە دیاربوو. پانتایی بەرینی ئاو و رۆخی رووبارەکە بەرچاوی گرتبوو.

تەنوورەی خێرا و بەهێزی ئاوەکە هەڵیکەند. چەند هەنگاوێك بردییە خوارەوە، بەڵام کاکە مراد بە هەوڵێکی زۆر خۆی راگرتەوە.

کەوتەسەر بەرزاییەکی پتەو. سەری هەڵبڕی. ئاوەکە هەتا ژێر ملی دەهات. هەناسەیەکی هەڵکێشا. دەستەکانی رچا بوون و لە گۆ کەوتبوون. دەستەکانی بە هێزێکی بەدەر لە توانای خۆی، لکابوون بە زۆپاکەوە. دەتگوت کەسێکی دیکە زۆپاکەی گرتبوو.

شەپۆلێکی دیکە هەڵیبڕییەوە و خستییە قووڵکەیەکەوە. سەری بوو بە ژێر ئاوەکەوە و هاتەوە سەر. بە توندی دەکۆکی. زۆپاکە لەدەستی بەربووەوە. بە چەرمەسەری زۆپاکەی گرتەوە. زۆپاکە پڕ ببوو لە ئاو و بەرەو بنی رووبارەکە راکێشی دەکرد. بەدوای زۆپاکەدا دەڕۆشت و هەوڵی دەدا لە ئاوەکە دەریکێشێت. بەدەر لە ئیرادەی خۆی لە گەڵ رەوتی ئاوەکە راکێش دەبوو. تەنیا بیری لەوە دەکردەوە کە دەبێ زۆپاکە دەربێنێت و بەرزی کاتەوە.

هێشتا پریاسکەی جلەکانی بەرنەدابوو.

شەپۆلێکی دیکە بۆ پێشەوەی برد. پێی نایە سەر لمە خزەکانی بنی رووبارەکە و نوقم بوو. سەری هەڵدایەوە و کۆکی. شین و مۆر هەڵگەڕابوو. هەناسەیەکی نوێ کردەوە، بەڵام دەرفەتێکی وەهای نەبوو. هەموو لایەك ئاو بوو. بەرەو پێشەوە زەختی لەسەر بوو. کەوتەوە بیری ئەو کاتانەی لە سەفی بانکدا وەستابوو و خەڵك گوشاریان بۆ دەهێنا.

شەپۆلێکی قورسی دیکە رفاندی. چەند قومێك ئاوی خواردەوە. زۆپا و پریاسکەکەی لە چنگیدا توند راگرت. هاوارێکی کورتی کرد و چووە بن ئاوەکە.

کاتێك خەڵك لە چەند گوندی خواروونرەوە، تەرمەکەیان لە ئاو گرتەوە، هێشتا پریاسکە و زۆپاکەی بەرنەدابوو.

***گاماسیاب: ناوی رووبارێکە لە رۆژهەڵاتی کرماشان**

شە



شەهید: نەمرە وەکوو شاخ
وەکوو بەفر، وەکوو درەخت
وەکوو بەهار و گوڵەباخ.
شەهید ئاوە
تینویەتی زەوی ئەشکێنێ
پەنجە و دەستە
ئازاری خاک رائەژەنێ
سومای چاوە
کام دوارۆژ دوورە ئەیبینێ
شەهید باڵای
بەقەد باڵای کوردستانە
دڵی ئازادی و بەیداخی
لووتکەی هەڵوێستی
ئینسانە

**شێرکۆ بیکەس**






**بێ دوان...**

# شەبەنگێک لە تریفە زیوینەکانی بەفر



لەو دیو دڵی چۆلەکەیەکی کێوییەوە
دڵی پێیە ماندووکانم ناشت و
سەرم دڵنیا بوو
کە سەفەرە ئەفسووناوییەکانی پەنجەم
چیتر بەرەو وشە زیزەکانی شیعر ناڕۆنەوە و
بە لێواری دیوارە رووخاوەکانی ژیانەوە
بەرەو ئاوەدانییەکانی بەهەشت رۆیشتم

کەچی چەپکێک خەم
لە رەنگی خەمەبەردینەکانی پووشپەڕ
رۆحی ماندوومی
لە رووبارە سەرهەڵگرتووەکانی غەریبیدا خنکاند

ئەمێستاکە
لێوڕێژ لە ژان و مەرگ
بێوەختە هەناسەی دەم گریانێکی خەست
ئەمباتەوە بۆ ئەو ساتەوەختانەی
لە مندای و بۆنی غەریبیی من دەگریت

ئەمێستاکە
کۆڵانەکانی شارەکەم
خەو بە دڵەڕاوکێی پشت دەلاقەکانەوە دەبینن و
پادیواری لە گەرووی رێبواری شەودا
بێزوو بە خوێن ئەکات

کە من‌و هەناسەکانم
دوو رێبواری شپرزەی ئەم کاروانەین
ئێوە ئۆقرە و ئێوە هەدان
وەک رۆژ لە کەلی ئاواتەوە سەرهەڵئەدەن
لە چیاکانی چاوەڕوانیەوە ئاوا ئەبن
سەرهەڵدانتان زامە و ئاوا بوونتان ناسۆر
دڵداریتان خەمێکی خەستە و
چاوەڕوانیتان کوشندە
نیگاتان ئاشنا و سیحری پەنجەتان ئاشنا

باسی سەربووردەی ئەو گەڵایانە دەکەم
کە شەمشەمە کوێرەکانی تاران
لە جەستەی دارستانیان رنییەوە
کەچی ئێمە لەو بارانە دەگەڕاین
کە سەمای بە جەستەی درەختەکانی ئازادی دەکرد

ئەمە چیرۆکی کەڵەکێوییەکی باڵا بەرزە
ئێواران وەک تاڤگەیەکی بەلەز لەو شاخانە دەهاتە خوارەوە و

ئەو ناوەی پڕ دەکرد لە هاژە
ئەمەچیرۆکی رووبارێکە
بەیانیان بەخوڕ تێدەپەڕی و
قەڵبەزەکانی عەشق و خۆشەویستیان دەبەخشییەوە
چیرۆکی مرۆڤێکە
باخەڵی غەریبانی پڕ دەکرد لە عەتری لوولووپەڕ
ئەمە رەنگی شێعرێکی باڵابەرزی کێوییە
بۆنی پنگە و هەزوێ و کاشمەی لێ دێ و
ئەو ناوە پڕ دەکات لە سەرابی بوونی خۆی
ئەمە کۆمەڵێک وشەی هەڵبزرکاوی
دەم شنەباکانی ئازادییە
چەند پەیڤێکی ریزکراوی منە
بە دەم ئازارەکانی ئاسمانەوە

خەرمانانم تاڵ تاڵ
نۆتەی سەمفۆنییەک ئەنووسێتەوە
کاروانێ لە خەونی پاییزیی لەت وپەت
باڵای غەریبیی خەمەکانم بژەنێ

گەر قاسملووی گلێنە مۆمی غەریبانی شار بوو
دوکتور سەعید شەبەنگێک بوو
شەبەنگێک لە تریفە زیوینەکانی بەفر
ئاوێزەی بەر هەتاوی رۆژهەڵات
پەلکە زێڕینەیەک لە هیوا و
چرای سەر هەڵەمووتی خۆشەویستی و وەفا بوو

ئەی ئاشناکانی سیحری نوور
چاوەڕوانم بن لە داهاتوویەکی نادیاردا
لە دوایین هەنگاوی سێبەرێکی شەکەتدا بۆم بگەڕێن
وەک دوایین دڵۆپی فرمێسکی مۆمێک
سەری ماندووتان نایە سەر جەستەی ساردەوە بوو
کات بە کات
هەناسە بە هەناسە
خاشە دائەکوتن لە هەستمراو شین ئەبن
ئەبن بە لاولاو بە باڵای ئەوینمەوە باڵا ئەکەن
ئەستێرە کۆچەرەکان
بە ئاسمانی کام شاری ئەوینەوە
سەقامگیر ئەبن.

**ناهید حسەینی**

---

**کۆیە خەرمانانی ١٣٩١**

هید



لەبەرزایی شاهۆم پرسی:
قووڵترین رووباری جیهان؟
وتی: سیروان
قەندیل هەستا وتی: چۆمان
لە ئارارات و ئاگری
وتیان: فورات
لەچیاکانی دنیام پرسی
هەموو سەریان نەوی کرد و
وتیان:
دووچاوانەی گەش و سووری
ناو دوو دڵی بەلێشاون
بە سەر سینەی گشت جیهاندا
بۆ کوردستان،
لە «ڤیەن» و «بەرلین»ەوە
خرۆشاون...

( نەکەرۆز )

# مستەفا هیجری: ئێمە لە ٤ ساڵی ڕابردوودا توانیومانە بوونمان لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلام پەرە پێ بدەین



مستەفا هیجری: حیزبی دێموکرات لە ئێراندا حیزبێکی قەدەغەکراوە و تێکۆشەرانی ئێمە لە ناوخۆ لە ژێر گوشاری کۆماری ئیسلامیدا درێژە بە خەبات دەدەن و کارەکانمان لە ناوخۆ

ڕۆژنامەی ڕووداو وتووێژێکی سەبارەت بە دوایین ڕووداوەکانی ناوچە و کوردستان لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری پێك هێناوە. لەبەر گرینگیی ئەو تەوەرانەی لەم وتووێژەدا هاتوونەتە بەرباس، بە پێویستمان زانی دەقی تەواوی وتووێژەکە بۆ خوێنەرانی بەڕێزمان بڵاو بکەینەوە.

مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ «ڕووداو»، تیشك دەخاتە سەر دوایین پێشهاتەکانی کوردستان و ناوچەکە و دەڵێ: «بە ڕووخانی ڕێژیمی سووریە باڵانسی هێز لە ناوچەکە دەگۆڕدرێت و هاوکاری ئێران بۆ گرووپە ڕادیکاڵەکانی وەك حیزبوڵڵا و حەماس ڕووبەڕووی گرفت دەبێتەوە و کۆماری ئیسلامی لە ڕووخان نزیك دەکاتەوە».

ڕووداو: ماوەیەکە حیزبی دێموکرات خۆی بۆ بەستنی کۆنگرەی پانزدەهەمی ئامادە دەکات، ئایا ئەو کۆنگرەیە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە سیاسەتەکانی حیزب دێنێتە دی؟

مستەفا هیجری: نزیکەی ٨ مانگ لەمەوپێش کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە دیاری کرا و ئەو کۆمیتەیە لەو کاتەوە خەریکی ئامادەکاری پێویستە. ڕاپۆرتی کۆنگرە و بەرنامە و پێڕەوی کۆنگرەی ١٥ ئامادە کراوە. کۆنفرانسەکانی حیزب لە ئورووپا و ئەمریکا کۆتاییان پێهاتووە و نوێنەرانی کۆنگرە دیاری کراون. ئەندامانی حیزب لە هەرێمی کوردستان کۆنفرانسەکانیان تەواو بووە و ئێستا تەنیا کۆنفرانسی کادر و پێشمەرگەکان ماوەتەوە کە لەو ڕۆژانەدا بەڕێوە دەچێت.

بەڕێوەچوونی ئەو کۆنگرەیە هاوکاتە لەگەڵ ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و جیهانییەکان و گۆڕانکارییەکی بەرچاو بەسەر پرسی کورددا هاتووە بۆیە باس و لێکدانەوەکانی ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرە لەسەر ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی و بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حیزب کارێکی گرنگە کە دەبێ بەپێی بارودۆخەکە سیاسەتە گشتییەکانی خۆمان لە ماوەی ٤ ساڵی داهاتوودا دیاری بکەین.

ڕووداو: دروشمی حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی ١٤دا بەجەماوەریکردنی خەبات بوو، هەتا چەند ئەو دروشمە جێبەجێ کرا؟

بەشێوەی نهێنی ئەنجام دەدرێت کە ئەوە کۆسپێکە لە بەردەممان. بەشێوەیەکی گشتی و بە لەبەرچاو گرتنی باردۆخی ئێران، ئێمە لە جێبەجێکردنی ئەو دروشمە باش چووینەتە پێشێ.

هەر حیزبێك کە ڕێبەرایەتییەکەی لە دەرەوەی وڵات بێ و لەلایەن دەسەڵاتەوە بە نافەرمی و یاساغ ڕاگەیەندرابێت و تێکۆشەرانی لە ژێر هەڕەشە و ئەشکەنجە و لێپرسینەوەدا بن، ناتوانێ بەو جۆرەی کە پێویستە بەرنامەکانی لە ناو خەڵکدا بباتە پێشەوە. بەڵام سەرەڕای ئەو گیروگرفتانەی کە هەمانە بە هۆی ئەوەی حیزبی دێموکرات مێژوویەکی کۆنی لە ناو خەڵکدا هەیە و سەرکردەکانی ناسراون و کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات هەمیشە لە چوارچێوەی ویست و داخوازیی خەڵکدا بووە، بۆیە خەڵك بەگشتی باوەڕیان بە حیزبی دێموکرات هەیە.

پێوەندیگرتن بە مامۆستایانی نیشتمانپەروەر و میانەڕەوی ئایینی، پێوەندیگرتن بە مامۆستایانی زانکۆ و خوێندکاران و پسپۆڕان لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، دامەزراندنەوەی پێوەندی لەگەڵ هاوڕێیانی جیابووەوە و مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و... هتد، ئەوانە هەموویان لە چوارچێوەی بە جەماوەریکردنی خەبات و پێکهێنانی کەشێکی گونجاو بۆ هاوکاری هێزە سیاسییەکان و ئومێددان بە خەڵك ئەنجام دراون کە بەگشتی دەنگدانەوەی باشی هەبووە و خەڵك پێشوازی لێکردووە.

ڕووداو: حیزبی دێموکرات بە چ شێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ ئیسلامی سیاسی توندڕەو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کردووە؟

مستەفا هیجری: لە میانەی بە جەماوەریکردنی خەبات، پشتیوانیمان لە پێکهاتنی یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد. خەڵکی ئێمە مسوڵمانن و ئێمە زۆر بە پەرۆشین بو ئەوەی ئیسلامێکی نەرم و میانەڕەو لە کوردستاندا هەبێ. ئێمە لەو ڕاستایەدا توانیمان کۆمەڵێك مامۆستای ئایینی میانەڕەو و نیشتمانپەروەر لە دەوری ڕێکخراوێکدا کۆ بکەینەوە هەتا بتوانن ئیسلامێکی نارادیکاڵ لە ناو خەڵکدا بڵاو بکەنەوە و ئەوە کاریگەرییەکی باشی دانا بۆ ئەوەی خەڵك زیاتر لە لایەنە ئیسلامییە توندڕەوەکان دوور بکەونەوە.

بیرۆکەی ڕادیکاڵیزم لە هەر شێوەیەکدا گیروگرفت بۆ خەڵکی کورد بەتایبەتی و خەڵکی ناوچەکە بەگشتی دروست دەکات و ئێمە دەبینین کە ڕادیکالیزم ئێستا بووەتە بەربەست لەبەردەم بەرەوپێشچوونی دێموکراسی لە ناوچەکەدا و بێگومان ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی کێشەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش خوڵقاندووە، بەڵام خۆشبەختانە ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەك ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین پەرەی نەسەندووە و من لەو باوەڕەدام کە ئەگەر بێت و کەشێکی ئازاد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێك بێت و پارتە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکان بتوانن ئازادانە چالاکی بکەن، ئەو بەشەی کە کار دەکەن بۆ بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ئیسلامی ڕادیکاڵ بێهێزتر و لاوازتریش دەبن.

ڕووداو: چ هەوڵێکتان بۆ ناوچە شیعەنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە؟

مستەفا هیجری: ئێمە لە ٤ ساڵی ڕابردوودا توانیومانە بوونمان لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلام پەرە پێ بدەین. یەکەم بە هۆی ئەوەی زیاتر لە جاران کار و چالاکی ڕێکخراوەییمان لەو ناوچانە ئەنجام داوە و هۆکاری دووهەم بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە دەگەڕێتەوە کە زۆرینەیان سەر بە ئایینزای شیعەن و ئێستا ڕووی ڕاستەقینەی حکوومەتی ویلایەتی فەقیهی ئێرانیان بۆ دەرکەوتووە و پرسی نەتەوایەتی و کوردایەتی زیاتر لە نێویاندا بوژاوەتەوە. حیزبی دێموکرات کەڵکی لەو دەرفەتە وەرگرتووە و توانیویەتی خەڵکێکی زۆری ئەو ناوچانە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

ڕووداو: ڕێبەرایەتیی حیزب ساڵانێکە لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ئێوە و خەڵك بە چ شێوەیەك پێوەندی بە یەکەوە دەگرن و ئاڵوگۆڕی بڕیار و بیروڕا دەکەن؟

مستەفا هیجری: تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دێموکرات لە ناوخۆدا پردی پێوەندیی نێوان خەڵك و ڕێبەرایەتی حیزبن و بە شێوەیەکی بەربڵاو لە سەرجەم ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نهێنی خەبات دەکەن.

بە خۆشییەوە بە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان ئازادە، ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی سەردان، یان کارکردن ڕوو لێرە دەکەن و ئێستا بوونەتە پردێك لە نێوان حیزب و خەڵکی ناوخۆدا. ئەوە جگە لەوەی لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بیر و بۆچوون و خواستی خەڵك بە حیزب و حیزب بە خەڵك دەگات.

ڕووداو: ئێوە چ هەنگاوێکتان ناوە بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ «لایەنەکەی دیکەی دێموکرات!»؟

مستەفا هیجری: دامەزراندنەوەی پێوەندی لەگەڵ هاوڕێیانی جیابوو لە حیزب هەم لەسەر ویست و خواستی خەڵکە کە هەردەم خوازیاری یەکگرتوویی و هاوکاری هێزە سیاسییەکان بوون و بابەتی دووهەم گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەیە کە پێویستە ئێمە بە یەکگرتوویی و هاوخەباتی بەرەو پیری بچین.

ئێمە وەکوو حیزب ئامرازێکین بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خەڵك و بۆ وەڵامدانەوەی سەرەکیترین خواستی خەڵك کە یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانە، ئێمە زیاتر لە ساڵێکە پرسی یەکگرتنەوە لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان خستووەتە ڕۆژەڤەوە و کارمان بۆ کردووە.

هەر لەو ڕاستایەدا مانگ و نیوێك لەمەوپێش، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاخرین پلینیۆمیدا بڕیاری دا کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە وتووێژ بکەین و هەنگاو بە هەنگاو بچینە پێشێ هەتا کەشێکی دۆستانە بۆ لێك نزیکبوونەوە و لێك تێگەیشتن بخولقێنین و لە جیاتی دووبەرەکی و دوژمنایەتی، بە یەکەوە هاوکاری بکەین بۆ ئەوەی لە ئاڵوگۆڕە چاوەڕوانکراوەکاندا بە باشترین شێوە کەڵك وەربگرین.

هەر لەو پێوەندیەشدا بوو کە لە سەرەتای ئەم مانگە بۆ یەکەم جار لە دوای جیابوونەوەیان، لەگەڵ کاك خالید عەزیزی لە چاوپێکەوتنیکدا چۆنێتی دامەزراندنەوەی پێوەندییەکانمان تاوتوێ کرد.

ڕووداو: ئێوە دەتانەوێ ئەوان بێنەوە ناو ئێوە یان وەك ئەوان دەڵێن یەك بگرنەوە؟

مستەفا هیجری: یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ئامانجی سەرەکی و ستراتیژیی ئێمەیە، بەڵام ئەو پرسە پرسێکی دوولایەنەیە و ئێمە ناتوانین بە تەنیا بڕیار بدەین. ئێمە بە جیدی هەوڵ بۆ یەکگرتنەوە دەدەین، بەڵام بە بڕوای من یەکگرتنەوەمان لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو پێویستی بە کاتێکی زیاتر هەیە. پێویستە زیاتر لێك نزیك بینەوە و زیاتر لە ئامانجەکانی هاوڕێیانمان چڕ ببینەوە. ئێمە بەداخەوە ئەزموونێکی شکستخواردوومان هەیە لە جیابوونەوە و یەکگرتنەوەی حیزب لە ڕابردوودا کە بەشێك لەو هاوڕێیانەی ئێستا لە حیزب جیابوونەتەوە لە جیابوونەوەکەی پێشتریشدا بەشدار بوون.

ڕووداو: ئایا یەکگرتنەوەی ئەو جارەی دێموکراتەکان جیاواز دەبێت لە جارانی پێشوو؟

مستەفا هیجری: ئێمە دەمانەوێ بە شێوەیەك یەك بگرینەوە کە ناچار نەبین جارێکی دی دابڕان لە ناو حیزبدا ببینین کە ئەوە زۆر بە زیانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەشکێتەوە. هەر بۆیە پێویستە هەنگاو بە هەنگاو درێژە بە بەیەکەوە دانیشتن و لێك تێگەیشتن بدەین تاوەکوو لە یەکگرتنەوە نزیك دەبینەوە.

ئەگەر بێت و بەبێ بەرنامە و لێك تێگەیشتن یەك بگرینەوە بە بڕوای من یەك نەگرتنەوەکە باشترە هەتا ئەوەی دوای ماوەیەك دووبارە جیا بوونەوە ڕوو بدات. هەر بۆیە ئێمە بە وریایی و وردبوونەوەیەکی زیاترەوە دەڕوانینە پرسەکە و دەمانەوێ هەنگاو بە هەنگاو ئەو قۆناخە دەرباز بکەین.

من وەك خۆم گەشبینم و پێم وایە دەتوانین گرفتەکان دەرباز کەین و بەرەو یەکگرتنەوە هەنگاو بنێین. ئێمە پێداگرین لەسەر یەکگرتنەوە و بەرەوڕووی کۆسپەکانی بەردەم لێك نزیکبوونەوە و یەکگرتنەوە دەبینەوە و هەموو هەوڵێکی خۆمان دەخەینە گەڕ و ئەوەی دەمێنێتەوە لەسەر شانی هاوڕێیانمان دەبێت کە هیوادارم ئەوانیش بەو باوەڕە گەیشتبن کە ئەگەر لێك نزیکبوونەوەمان لەوە بە درەنگتر کەوێ بە زیانی حیزبی دێموکرات تەواو دەبێت.

ڕووداو: بۆچی هەوڵەکانی مەسعوود بارزانی بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ئەنجامی نەبوو؟

مستەفا هیجری: لە ڕۆژەکانی سەرەتای جیابوونەوەی هاوڕێیانمان، بەڕێز مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاستەخۆ هەوڵی دا کێشەکە چارەسەر بکات و لە دانیشتنێکدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەوڵیان دا کۆتایی بە کێشەکە بێنن. بەڵام بەداخەوە ئەوکات هاوڕێیانی جیابووەمان ئامادە نەبوون هەنگاو بنێن بۆ لێك نزیکبوونەوە و تێکەڵبوونەوەمان و هەوڵ و تێکۆشانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تێکەڵبوونەوەمان لەبار چوو ئەگەر نا ئەوکات باشترین هەل بوو کۆتایی بە کێشەکە هاتبا.

ڕووداو: ناوبژیوانییەکەی فرێدریك تیسۆ تەواو بوو، یان بەردەوامە دوای گەڕانەوەی بۆ فەرەنسا؟

مستەفا هیجری: تاکو ئێستا دۆستان و دڵسۆزانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و دەرەوە هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ لێك نزیکبوونەوەی و دوایین هەوڵ لە لایەن فرێدریك تیسۆ، کۆنسولی پێشووی فەڕەنسا لە هەرێمی کوردستان درا. تیسۆ یەکێك لە دۆستانی دێرین و دڵسۆزی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتە کە تەنانەت کاتێك ئێمە لە شاخ بووین لە ڕێگەی ڕێکخراوی پزیشکانی بێ سنوورەوە ڕاستەوخۆ یارمەتی پێشمەرگەکانی ئێمەی دەدا. هەر لە و پێوەندییەدا فرێدریك تیسو هەتا ئێستا چەند جارێك لە دانیشتنەکانی لەگەڵ من داوای کردووە هەوڵ بدەین بۆ لێك نزیکبوونەوە.

ڕووداو: بۆچی دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامە لە نێوانتان، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێوە و کۆمەڵە بە تاکڕەوی تۆمەتبار دەکەن؟

مستەفا هیجری: بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی ١٣، ڕێبەرایەتیی حیزب بۆ ماوەی نیزیك بە ٦ مانگ لەگەڵ زۆربەی حیزبەکان کەوتە وتوویژ و دانیشتن بۆ لێك نزیکبوونەوەی لایەنەکان بە مەبەستی پێکهێنانی هاوپەیمانی، یان بەرەیەك و نەرمییەکی زۆریشمان لەخۆمان نیشان دا، بەڵام بەداخەوە نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێك. لە سیاسەتدا ناکرێ تۆ یان سفر بی یان ١٠٠، مادام هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان نەیانتوانی بەیەکەوە بگەنە ڕێککەوتن با دوو سێ حیزب لە دەوری یەك کۆ ببنەوە. دوای زیاتر لە ساڵێك دیالۆگ و دانیشتن لەگەڵ هاوڕێیانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، خاڵە ناکۆکەکانمان وەلا نا و لەسەر کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش ڕێك کەوتین.

ئەو ڕێککەوتننامەیە بۆ دوژمنایەتی و بەربەرەکانێکردنی هیچ لایەنێك نیە، بەڵکوو لەسەر ئەو هیوایە پێك هاتووە کە ببێتە بەردی بناغەیەك بۆ دانیشتن و هاوکاریکردن لەگەڵ لایەنەکانی دیکە و دەرگای بۆ سەرجەم ئەو حیزب و لایەنەکان کراوەیە.

ئەو ڕێککەوتننامەیە بۆ قۆناخی پێش ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و وەك هەندێك لایەن دەڵێت بەهیچ شێوەیەك بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات و دابەشکردنی بەرپرسیارەتییەکان نیە.

یەکگرتوویی و یەکدەنگیی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناخی ئێستادا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە و ئێمە بە تێگەیشتن لەو پێویستییە دەبێ کار لەسەر خاڵە هاوبەشەکانمان بکەین و لەسەریان ڕێك کەوین.

ڕووداو: ڕێککەوتننامەکەتان لەگەڵ کۆمەڵە هەر سیاسییە یان چەکداریشە؟

مستەفا هیجری: ڕێککەوتننامەکە، ڕێککەوتننامەیەکی سیاسییە نێوان کۆمەڵە و دێموکرات.

ڕووداو: ئایا ئەو ڕێککەوتننامەیە نابێتە هۆی دروستبوونی دوو بەرە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

مستەفا هیجری: بەپێی ئەو

درێژەی لە لاپەڕە ٩

درێژەی لاپەڕەی ٤

## د.سەعید مودیرێکی سەرکەوتوو، ڕێبەرێکی بەهەڵوێست و بڕیاردەر بوو

لەسەر ئەم جینایەتەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لا درا و ماهییەتی دژی ئینسانیی ئەم ڕێژیمە دەرکەوت. جێی خۆیەتی لەم تریبوونەوە، ڕێز و پێزانینی خۆمان پێشکەش بە ئەو کەسانە بە تایبەت قازییە بوێرەکانی دادگای میکونووس و دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی ئاڵمان بکەین کە لە بە ئاکامگەیاندنی ئەم بڕیارە مێژووییەدا ڕۆڵیان گێڕا.

بڕیاری دادگای میکونووس لە زۆر بارەوە گرینگە:

ـ یەکەم دادگا سەربەخۆیی بڕیاردان و سەروەریی یاسایی خۆی سەلماند، و ماهییەتی تیرۆریستیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناساند.

دووهەم، بەها مرۆییەکانی پاراست و داکۆکی لە شەهیدە سەربەرزەکان کرد کە بێبەزەییانە شەهید کرابوون.

سێهەم، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هەژاند و وڵاتانی دێموکرات و پێشکەوتوو سەفیرەکانیان بۆ وڵاتەکانیان بە نیشانەی مەحکوومکردنی ئەو تاوانە تیرۆریستییە، بانگهێشتن کردەوە و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەیەك ڕاگرت.

لە هەموو گرینگتر، بڕیاری دادگای میکونووس فەسڵێکی نوێی بۆ لەقاودانی ماهییەتی تیرۆریستیی ڕێژیم و تەریکخستنەوەی لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان کردەوە و ئێستاش ئەم هەڵوێستە وەکوو سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو، سەلمێنەری تیرۆریستبوونی ئەم ڕێژیمەیە.

خوشك و برایانی خۆشەویست !

ئەگەر پاش ٢٠ ساڵ لە شەهیدکردنی کاك د.سەعید و هاوڕێیانی، هەڵسەنگاندنێکی ورد لە خەباتی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات و سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەین، بەو ئاکامە دەگەین کە ڕێژیم لە ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا، تووشی قەیرانێکی زۆر بووە، ئەویش لەم بارودۆخە سیاسی و ئابوورییەدا کە ڕەوتی ڕووداوەکان خێراتر لە جاران بەرەو پێش دەچێ و لەم پێشکەوتنەدا، تەنیا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هاوپەیمانەکانی لە بەرەی دژی گۆڕانکارییەکانی سەردەمدان، لە ئاستی نێوخۆییدا بە سیاسەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ درێژە ئەدا، ڕۆژ نیە کۆمەڵێك لە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و دێموکراسی نەگیرێن و ڕەوانەی ئەشکەنجەگاکانی نەکرێن و دوور لە هەموو ڕێوشوێنە مرۆییەکان ئازار و ئەزیەتیان نەدەن و بە هۆی درێژەدان بەو سیاسەتەی بەردەوام لە لایەن کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانەوە مەحکووم دەکرێ.

درێژەدان بە سیاسەتی نکۆڵیکردن لە شوناسی نەتەوەیی نەتەوە ماف لێ زەوتکراوەکانی ئێران و هەوڵدان بۆ سەرکوتی بزووتنەوە ڕەواکانیان و گرتن و ئێعدامی ڕۆڵە مافخوازەکانیان بووەتە سیاسەتی نەگۆڕی ڕێژیم.

شپرزەیی ئابووری، دابەزینی نرخی دراوی ئێران لەچاو دراوە بیانییەکان، پەرەسەندنی گرانی و بێکاری و سەرهەڵدانی دەیان دیاردەی ناحەزی کۆمەڵایەتی و بە کەمگرتنی مافی ژنان و سووکایەتیکردن بە کەرامەتی مرۆڤ بەشێکی دیکەیە لەم سیاسەتەی ڕێژیم.

لە ئاستی نێونەتەوەییشدا، پشتیوانیکردن لە تیرۆریزمی جیهانی و یارمەتیکردن بە لایەنە توندڕەوەکان و ڕاهێنانیان لە لایەن سپای قودسەوە، بۆ هیچ کەس و لایەنێك گومانی نەهێشتۆتەوە. بەشداریی ئەم هێزە لە سەرکوتی بزووتنەوە جەماوەرییەکانی سوریە و وڵاتانی عەرەبی و هەوڵدان بۆ مانەوەی ڕێژیمی دیکتاتۆری حیزبی بەعسی سووریە نموونەی دەستێوەردانێکی ئاشکرا لە کاروباری وڵاتانە.

هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی و پیتاندنی یۆرانیۆم، وەڵامنەدانەوەی داخوازییەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، بۆتە هۆی ئەوە لە لایەن ڕۆژئاواوە گوشارێکی زۆری ئابووری بخرێتە سەر، پێچەوانەی لێدوانەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم ئەم ئابلۆقە ئابوورییە، شوێندانەرییەکی زۆری لەسەر ئابووری وڵات و ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵك و دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان بە تایبەت لە بواری هەناردەکردنی نەوت و فرۆشتنی لە بازاڕەکانی جیهاندا پێك هێناوە.

لە بەرانبەریشدا حیزبی دێموکرات دوای شەهیدبوونی کاك د.سەعید، بە وردەیەکی شۆڕشگێڕانەوە، وەفاداری بە ئامانجەکانی ڕێبەرانی شەهید و پشتبەستن بە هێزی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان درێژە بە خەباتی خۆی ئەدا و پێبەپێی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان بە لێکدانەوەی ورد و سیاسەتێکی واقیعبینانەوە، ڕۆڵی کاریگەر لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و ئێراندا دەگێڕێ و هەروەها جێی متمانەی کۆمەڵانی خەڵك و هەموو ئازادیخوازانی وڵاتەکەمانە. پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، گرینگیدان بە دیالۆگ و هاوکاری لە گەڵ هێزە سیاسییەکانی ئێران، ئاڵوگۆڕی نەزەر لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و هەوڵدان بۆ یەکگرتنێکی بەرین و مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، بەشێکی بەرچاو لە کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتن. هەروەها گرینگیدان بە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و بەشداریی چالاکانە لە کۆڕ و کۆبوونەوە پەیوەندیدارەکان بە پرسی ئێران و کورد، بەم ڕوانینەوە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرۆسەی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان، لە پێشکەوتندان و بەرەو سەرکەوتن دەڕۆن، حیزبی دێموکراتیش بەرەو پیری ئەم گۆڕانکارییانە هەنگاو دەنێ و بێ دوودڵیش ئەم ڕێژیمە لەوە زیاتر ناتوانێ بە پێچەوانەی ئاڵوگۆڕەکانی سەردەم درێژە بە دەسەڵاتی ڕەشی بدا. هەروەك دەزانین لە چەندین دادگای ڕۆژئاواییەوە بڕیاری تیرۆریستبوونی لەسەر دراوە و ئەمەیش چەند نموونەی ئاشکران، حوکمی دادگای پاریس لەسەر تیرۆری د. شاپور بەختیار، دادگای ئارژانتین لەسەر تەقاندنەوەی ناوەندی فەرهەنگیی جوولەکەکان، دادگای میکونووس لەسەر تیرۆری کاك د.سەعید. بێ گومان ڕەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان زیاتر بەڵگەی تاوانەکانی ڕێژیم دەردەخا و لە کۆمەڵی نێونەتەوەییدا تەریکتر دەکەوێتەوە.

هەڵوێستی بەجێی ئەم دواییانەی دەوڵەتی کانادا و پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران و دەرکردنی بەناو دیپلۆماتەکانی لەو وڵاتە و بانگهێشتکردنەوەی دیپلۆماتەکانی لە ئێران بە نیشانەی تیرۆریستبوونی ئەم ڕێژیمە و یارمەتیکردنی بە ڕێژیمی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد لە سوریە، نموونەی نوێیە. هەروەها وەڵامنەدانەوەی ڕێژیم بە داخوازییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بێئاکام بوونی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر چەکی ناوکی بوو بە هۆی ئەوە لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە بڕیاری تەحریمەکانی لەسەر چڕوپڕتر بکەن و ڕەوشی سیاسی و ئابووریی ڕێژیم بەرەو ئاقارێك ببەن نەتوانێ درێژە بە ئەو سیاسەتەی بدا. ئەزموونی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی وڵاتەکەمان، خەباتی هاوبەشی گەلانی ئێران و پشتیوانی مرۆڤدۆستانەی وڵاتانی پێشکەوتوو لە پرۆسەی سیاسی و دێموکراسیخوازیی وڵاتەکەمان، سەرەنجام ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی تینووی ئازادی و دێموکراسی بەسەر ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆرەدا سەر دەخا و ئاواتی شەهیدەکانیش دێتە دی و ڕێبەرانی تاوانباری وەك هەموو دیکتاتۆرەکانی دیکە بە سزای کردارە ناڕەواکانیان دەگەیەنێ.

بەڕێزان!

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە هۆی بڵاوبوونەوەی فیلمێکی بێڕەوشتەوە دژی سیما پیرۆزەکانی ئایینی ئیسلام لە لایەن کۆمپانیایەکی ڕۆژئاواییەوە، شەپۆلێك خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیدەربڕین لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دەستی پێکردووە. لەم خۆپیشاندانانەدا خەڵکی ناڕازی و لایەنە ئیسلامییە توندڕەوەکان هێرشیان کردە سەر سەفارەتخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی. لەم هێرش و پەلامارانەدا سەفیری ئەمریکا لە وڵاتی لیبی کوژرا و چەندین کوژراو و برینداری دیکەشی لێکەوتەوە.

ئێمە هەر شتێك کە بێڕێزی و سووکایەتیکردن بە بەها پیرۆزەکانی مرۆڤ بە هەر بیروباوەڕێکەوە بێ، مەحکووم دەکەین و کردەوەی ناشیاوی پەلاماری تیرۆریستیی ئەو کەسانەیش بە ناوی داکۆکی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ سەر سەفارەتخانەکان و کوشتنی سەفیری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە لیبی مەحکووم دەکەین و ئەم جۆرە کردارە بە دوور لە ڕێوشوێنی دیپلۆماسی و یاسا نێونەتەوەییەکان دەزانین و لەو باوەڕەداین کە ئەم جۆرە کردەوانە تەنیا لە خزمەتی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەیە کە لە هەوڵی بەلاڕێدابردنی ڕێبازی پێشکەوتووانەی خەباتی گەلانی ئازادیخوازیی ناوچە و پرۆسەی دێموکراسییە.

خوشك و برایانی بەڕێز!

لە بیستەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ڕێبەری هەڵکەوتووی حیزبەکەمان، کاك د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا جارێکی دیکە پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد و ئاواتی شەهیدان، درێژەدەری خەباتیان و ئاڵاهەڵگری ڕێگا و ڕێبازی پڕ لە شانازییان بین.

بەرز و بەڕێز بێ، یادی ڕێبەری شەهیدی گەلەکەمان، د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی.

بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران

سەرکەوێ جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد.

---

درێژەی لاپەڕەی ٨

ڕێککەوتننامەیە لایەنەکانی دیکەش دەتوانن پەیوەست بن بە هاوپەیمانیەتییەکەمان و هۆکارێك نابینم بیانەوێ وەك پەرچەکردارێك هاوپەیمانەتییەکی دیکە پێك بێنن، بەڵام ئەگەر لە خراپترین حاڵەتدا حیزبەکانی دی لە دەوری هاوپەیمانێتییەکی نوێ کۆببوونەوە ڕێککەوتنی دوو هاوپەیمانی بەیەکەوە ئاسانترە هەتا ١٠ ـ ١٥ حیزب بیانەوێ بەیەکەوە ڕێك بکەون.

ئێمە هەوڵ دەدەین چ لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کە جۆرێك جیاوازی و ڕابردوویەکی ناخۆشمان هەبووە چ ئەو لایەنانەی پێوەندییەکی دۆستانەمان هەیە، نزیك ببینەوە و ئەگەر هاوپەیمانەتی یان بەرەیەکیش پێك هات ئەوکاتەش هەر هەوڵی وتووێژ و لێك نزیکبوونەوە دەدەین لەگەڵیان. ئەوە باوەڕ و بەرنامەی ئێمەیە بە بڕوای من هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی لە پێناو بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان کار دەکەن لە یەکێك لەو خاڵانەدا خۆیان دەبیننەوە و هەلی پێویست بۆ هاوکاری دەڕەخسێنن.

ڕووداو: ئێوە خەباتی چەکداریتان نەماوە، ئایا پێتان وایە کاتی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەماوە؟

مستەفا هیجری: ئێمە خەباتی چەکداریمان وەلا نەناوە و هەتا ئێستاش خەباتی چەکداری بەشێك لە کار و بەرنامەی ئێمەیە، بەڵام لە هەلومەرجێکدا کە ئێستا تێیداین و ڕێبەرایەتیمان لە هەرێمی کوردستانە، ناکرێ ئێمە لێرە خەباتی چەکداری بکەین و ئەو دەسکەوتانەی هەرێمی کوردستان بخەینە مەترسییەوە، بۆیە زۆرتر پەرە بە خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی دەدەین، بەڵام هەرکات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویست بکات ئێمە هێزی پێشمەرگە و خەڵکمان ئامادەیە و دووبارە کەڵك لەو بەشە لە خەبات وەردەگرینەوە.

ڕووداو: ئێران لە ڕێگەی پارتی و یەکێتییەوە هیچ گوشارێك دەخاتە سەر ئێوە؟

مستەفا هیجری: بێ گومان لەو کاتەوە کە پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان جێگیر بوون، ئێران گوشارێکی زۆری خستووەتە سەر پارتی و یەکێتی و ئەو گوشارانە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامن، بەڵام بەخۆشییەوە پارتی و یەکیەتی ئامادە نەبوون لەو پێوەندییەدا گوشار بخەنە سەر ئێمە و کار و چالاکییە سیاسییەکانمان.

ڕووداو: کەمبوونەوەی گوشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران نیشانەی تەمەندرێژیی سیستەمی ئێستای ئێران نیە؟

مستەفا هیجری: من لەسەر ئەو بڕوایە نیم گوشار و هەڕەشەکانی ئەمریکا لە دژی ئێران کەمی کردبێ بەڵکو بە پێچەوانەوە گوشارەکان زۆر بەهێزتر و چڕتر بووەتەوە. ئەو گەمارۆیانەی کە بە هۆی ئەمریکاوە خراوەتە سەر نەوت، بانك و کۆمپانیاکانی ئێران، گورزێکی گەورەی لە ئابووریی ئێران داوە و ئێرانی بەرەو لاوازی بردووە، بە جۆرێك کە ئێستا دەبینین کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ تووشی قەیرانی ئابووری بووەتەوە و لە دەرەوش هیچکات بە ئەندازەی ئێستا نەخراوەتە پەراوێزەوە.

ڕووداو: تا چەند ئەگەری هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران هەیە؟

مستەفا هیجری: ئەمریکا ناتوانێ کۆماری ئیسلامی خاوەن چەکی هەستەیی قەبووڵ بکات و ئەگەر ئێران بەردەوام بێ لە پیتاندنی ئورانیۆم و ئەگەر لە دەستڕاگەییشتن بە چەکی ناوکی نیزیك بیتەوە، ئەگەری هێرشی ئەمریکا دێتە ئاراوە.

ڕووداو: ڕووخانی سووریە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئێران دەبێت؟

مستەفا هیجری: پرسی سووریە پرسێکی چارەنووسسازە و ئەگەر بێت و ڕێژێمی ئەسەد بڕووخێت باڵانسی هێز لە ناوچەکە دەگۆڕدرێت و گۆڕانکاری گەورە لە ناوچەکە ڕوو دەدات. سووریە ئێستا تەنها وڵاتێکی هاوکار و پاڵپشتی ئێرانە لە هێڵی تیرۆریزم و ڕادیکالیزمدایە و بە ڕووخانی ڕێژێمی ئەسەد، کۆماری ئیسلامی زۆر بێهێز دەبێ و تەنها دۆستی خۆی لە نێو وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدەست دەدات. بەتایبەت کە سووریە تاکە پردێکە بۆ گەیاندنی چەك و تەقەمەنیی ئێران بە حیزبوڵڵای لوبنان و حەماسی فەلەستین، بۆیە بە ڕووخانی ڕێژێمی ئەسەد هاوکاریی ئێران بۆ ئەو گرووپە ڕادیکاڵانە ڕووبەڕووی گرفت دەبێتەوە و بە تەواوی پێگەی ئێران لە ناوچەکەدا لاواز دەبێت و ئەو لاوازبوونەی لە ڕووخانی نزیکی دەکاتەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە بە ڕووخانی ڕێژێمی ئەسەد، کۆماری ئیسلامی کتوپڕ دەڕووخێت. هەر بەو هۆیەوە ئێران بە هەموو هێزێکەوە یارمەتیی ڕێژیمی سووریە دەدات هەتا بەشار ئەسەد لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە و نەڕووخێت.

ڕووداو: بۆچی ئێران نێوانی لەگەڵ پارتی ناخۆشە؟

مستەفا هیجری: من زۆر شارەزای وردەکارییەکانی پێوەندیی نێوان پارتی و ئێران نیم، بەڵام وا وێدچی لە ڕووی سیاسییەوە پارتی دێموکراتی کوردستان، ئێستا لە ناوچەدا سیاسەتێك پێڕەو دەکا کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەك ناگرێتەوە، بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ پرسی سووریە کە کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵی خوی بەکار دێنێ بۆ پشتیوانیکردن لە حکوومەتی سووریە، لە حاڵێکدا پارتی پشتیوانی لە داخوازیی ڕەوای خەڵکی سووریە دەکا کە ئەویش ڕزگاربوونیان لە چنگی زوڵم و زۆری حکوومەتی سووریەیە، دیارە ئەوەش بە دڵی کۆماری ئیسلامی نیە.

ڕووداو: کۆنفرانسی نەتەوەیی چ کاریگەرییەك لەسەر پرسی کورد دادەنێت؟

مستەفا هیجری: ماوەیەکی زۆرە باسی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد نابیستم و هەست بەوە دەکەم پێکهێنانی ئەو کۆنگرەیە هەڵوەشاوەتەوە، یان بۆ کاتێکی دی دواخراوە. هەتا بەرنامەی کۆنگرەش بەدەستی ئێمە نەگات ناتوانین لەسەر پلان و کاریگەرییەکانی کۆنگرە هیچ قسەیەك بکەین.

---

## جووت حەوت

**هەوراز**

ئاخوند مەهدی تائیب، سەرۆکی قەرارگای «عەممار»، سپای پاسداران گوتوویە: «ئاغای خامنەیی لە دیدار لەگەڵ بەرپرسی مەغوولستان (پێموابێ مەبەستی سەرۆکی ئەو وڵاتەیە) هێندێك چاکەی لەو وڵاتە باس کردووە کە ئەم بەرپرسەش بۆخۆی ئاگای لێیان نەبوو. دەبێ ئەو زانیارییە بە نرخانە چ بێت کە خامنەیی لە خودی مەغوولەکانیش زیاتر ئاگاداریان بێت؟ نەکا ژمارەی بزنەکانی چەنگیزخان، یان جنۆکەکانی سەر قەبری قووبیلای خان بێت. خوا چاکەی مەغوولەکان بداتەوە کە ئەوەندە چاکەیان زۆرە، خۆیانیش پێی نازانن. هیچ نەبێ بە قەد خامنەیی خەڵکیان لە ئێران کوشتووە. ئەوە بە هۆی چاکەی مەغوولەکان دەرحەق بە ئاخوندەکان بوو کە خامنەیی ئێستا خۆی بە لەنگەری عەرز و ئاسمان دەزانێت. سەیدعەلی دەیهەوێ بڵێ ئەگەر مەغوولێکی دیکەش، (بۆ نموونە، ئیسرائیل خانی مەغوول) هێرش بکاتە سەر ئێران، خێری دەگات، چونکە ئێمە (واتە ئەوان) شەڕ بە بەرەکەتی ئاسمانی دەزانن.

حوسێن حاجی عەلی، نوێنەری مەجلیسی ڕێژیم گوتوویە: «ئینقلاب پێویستی بە کەسانێکی وەك سەعید مورتەزەوییە» مورتەزەوی کە دەگوترێ لە دۆسییەی کوشتن و دەستدرێژی بۆ سەر زەهرا کازمی و هەروەها لە سوولەی کەهریزەکدا وەها کەسێکە، هەر ئەو ئینقلابەیە کە دەیانگوت «ئێمە دەتانگەیەنینە کەرامەتی مرۆیی». ئەو ئینقلابە پێویستی بە نێرەکەرە یان شۆڕشگێڕ؟ وەڵام ڕوونە: «قازە سەعید مەرتەزەوی» و هیچی دیکە.

ئەسەدوڵڵا عەسکەری ئەولادی، سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئێران و چین گوتوویە: «بەداخەوە مێز (یان میز) هێندێك لە دەسەڵاتدارانی ئێمەی گرتووە».

هەڵبەت مێز یان میز قەپ ناگرێ و کەسیش ناتوانێ بگرێ، بەڵام هێندێك کەس بە قەپیش بێت خۆیانی پێوە هەڵداوەسن و بە مشارەکەی عیزرائیلیش لێی جیا نابنەوە. نمونەی هەرە زیندووی ئاغای جەننەتییە کە هێشتا بە وردە تەختەی کەشتییەکەی حەزرەتی نووح، ددانی خاوێن دەکاتەوە و دەروازەی ئەو دنیای لە خۆی داخستووە. هێندێك کەسیش دەڵێن کورسی لە کۆڵمان نابێتەوە، کە ئیدی پێموابێ هێندە بنێشتی کوردییان بە خۆیانەوە داوە، کورسی بەستەزمان وەکوو مشکی سەر چەسپی لێ هاتووە و بە هیچ کلۆجێك ناتوانێ خۆی لێیان بکاتەوە.

# ڕێبەرێک لە ئاوێنەی ئەندێشەکانیدا

■ رامبود لوتفپووری

یەکێك لە مەرجەکانی سەرکەوتنی هەر شۆڕشێك بوونی ڕێبەرییەکی زانا، شێلگیر و لێهاتووە. لە شۆڕشێکی نەتەوەییشدا بوونی ڕێبەرییەك کە بە تەواوەتی شارەزای مافەکانی نەتەوەکەی و میکانیزمەکانی خەبات و گەمەی سیاسی بێت و شێلگیرانە داکۆکییان لێ بکات، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

ڕێبەرێکی نەتەوەیی دەبێ پێش هەموو شتێك چەمك و دەستەواژە سیاسییەکان و چوارچێوەی حقوقییان بناسێت، واتە دەبێ بزانێ دەستەواژەی نەتەوە چ پێناسەیەکی سیاسی هەیە و لە باری حقوقییەوە مافەکانی چن، دەتوانین بێژین ئەم بنەمایە یەکێك لە کاراکتەرە هەرە سەرەکییەکانی کەسایەتیی سیاسیی دوکتور شەرەفکەندییە. بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش ئاماژەیە بۆ دوایین وتووێژی ئەو ڕێبەرە شەهیدە لەگەڵ عەلی کێشتگەر کە پووشپەڕی ١٣٧١ی هەتاوی لە ڕۆژنامەی «فیدایی»دا بڵاو بۆتەوە.

لە وڵامی یەکێك لە پرسیارەکانی کێشتگەردا کە دەیهەوێ بیسەلمێنێ لە پێناو پێکهێنانی بەرەیەکی ئێرانیدا دەبێ حیزبی دێموکرات تەنیا گرینگی بە دێموکراتیکبوونی بەرەکە بدات و لە سەر مافە نەتەوەییەکانی کورد پێداگری نەکات، دوکتور شەرەفکەندی زانایانە جەخت لەسەر پێوەندیی دێموکراسی و چارەسەریی کێشەی نەتەوەیی دەکات و بایەخدان بە چارەسەریی کێشەی نەتەوەیی وەکوو یەکێك لە مەرجەکانی سەقامگرتنی دێموکراسی و یەکێك لە نیشانە سەرەکییەکانی دێموکراتیکبوونی بەرە ناو دەبات و دەڵێ: «ئێمە لەگەڵ هەموو پێکەوەبوونێکدا نین. ئێمە جارێك ئەوەمان ئەزموون کردووە. لە ڕاستیدا ئەگەر شتێك نەتوانێ بە شێوەیەکی دیاریکراو وڵامدەری کێشەکانی ئێمە بێت، بێ مانایە و هیچی لێ شین نابێت. لانیکەم ئەوە دیاری بکەین کە لەگەڵ چ لایەنگەلێکدا هاوکاری دەکەین و ئەگەر ڕۆژێك ئەم لایەنانە جێی ڕێژیمی ئێستا بگرنەوە چییان لێ دەکەوێتەوە. ئازادی و دێموکراسی دوو وشەی قورس و ناڕوونن، شایش باسی لە ئازادی دەکرد، هەر ئێستا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی مەگەر بە شێوەی خۆی باس لە ئازادی و دێموکراسی ناکات؟

تەنیا ئیدعای دێموکراسی کێشەکان چارەسەر ناکات. کێشە لە ناوەڕۆکی ئەم دێموکراسییەدایە. بۆ وێنە کەسێك حاشا لە مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەکات، چۆن دەتوانێ دێموکرات بێت. بۆ هاوکاری لەگەڵ وەها هێزگەلێك هیچ هۆیەك نیە دیسان هەمان چیرۆکی رووخانی شا دووپات دەبێتەوە. من چۆن لەگەڵ هێزێکدا هاوکاری بکەم کە هەر لە ئێستاوە مافی دێموکراتیکی نەتەوەیی قبوڵ نیە و دژایەتی دەکات.» خاڵێکی دیکە کە لەم قسانەدا دەردەکەوێ کاراکتەری شۆڕشگێڕی و پێشکەوتنخوازبوونی دوکتور شەرەفکەندییە. وەك دەزانین شۆڕشی ڕاستەقینە گۆڕانێکی بەرەو پێشە، واتە هەموو گۆڕانێك ناتوانێ پەسندی شۆڕش و مرۆڤی شۆڕشگێڕ بێت، بەڵکوو بێ ئەملاوئەولا دەبێ هەڵگری تایبەتمەندیی نوێبوونەوە و پێشکەوتنخوازی بێت. کەوابوو وەك ڕێبەری شەهید ئاماژەی پێ دەکات، گۆڕانێکی پاشقەڕۆیانە کە مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی نەتەوەی کورد دەستەبەر نەکات، تەنیا بەفیڕۆچوونی خەبات و تێکۆشانە و هیچ قازانجێکی نابێت.

**بۆچوونی دوکتور شەرەفکەندی سەبارەت بە میکانیزمی خەبات**

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرێکی مۆدێڕن ئەوەیە کە لە دیاریکردنی میکانیزمی خەباتدا ڕاستبینانە هەلومەرج و بارودۆخی دەوروبەر هەڵدەسەنگێنێت و بەبێ ئەوەی سنووری تاکتیك و ستراتێژی تێکەڵ بکات، میکانیزمی گونجاو هەڵبژێرێت. بۆ وێنە لە هەلومەرجێکدا کە دەرەتانی خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژ هەیە ئاگری شەڕی چەکداری هەڵ ناگیرسێنێت و بە پێچەوانەش لە کەشوهەوایەکی داخراو و میلیتاریزەکراودا ساویلکانە ناکەوێتە نێو وەهمی خەباتی مەدەنی و خەباتی چەکدارانە ڕەد ناکاتەوە. لەو بارەوە دوکتور شەرەفکەندی لە هەمان وتووێژدا دەڵێ: «لە ڕاستیدا کێشەی حیزبی دێموکرات و هیچ حیزبێکی دیکە چالاکیی چەکداری و کوشتن و بڕین نیە و ئەمە تەنیا میتۆدێکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕێژیم. لە ڕاستیدا ئەوەی کە ڕێژیم ئیزن بە هیچ شێوە تێکۆشانێکی سیاسی و ڕاشکاوانە نادات و هەر شێوە چالاکییەك بە توندی سەرکوت دەکات. یان دەبێ واز لە تێکۆشان بێنی یان دەبێ بەرەنگاری بکەیت. ئێستا کە هێرشی ڕێژیم، هێرشێکی نیزامییە، بەرەنگاریی ئێمەش نیزامی و چەکدارییە. بەڵام شتێکی ڕوون و ئاشکرایە هەرکات حیزبی دێموکرات وەك حیزبێك بتوانێ بە شێوەی یاسایی چالاکی بنوێنێ و نەکەوێتە بەر تووڕەیی و سەرکوتی ڕێژیم، هۆیەك بۆ درێژەدان بە تێکۆشانی چەکدارانە نامێنێ. ئێمە ئەوە بە مافی خۆمان دەزانین تا کاتێك وڵامی تێکۆشان و داواکانمان سەرکوت و توندوتیژی بێت، بە شێوازی چەکدارانە بەرەنگاری لە خۆمان نیشان بدەین».

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە دوکتور سەعید زۆر زانایانە هەلومەرجی خەبات دەخوێنێتەوە و پۆتانسیێلەکانی ڕێژیم بۆ قبووڵی خەباتی ناتوندوتیژ لێك دەداتەوە. بۆیە چالاکیی چەکداری وەك تاکتیکێك بۆ ئەو قۆناغە لە خەبات دەستنیشان دەکات.

**دوکتور شەرەفکەندی لە گەمەی سیاسیدا**

چۆنیەتیی بەرەوڕووبوونەوەی دوکتور سەعید لەگەڵ کێشە سیاسییەکان و لێکدانەوەکانی لەسەر سیاسەتە فەرمییەکانی حیزب و بەگشتی خوێندنەوەی ورد و شرۆڤەی زانایانەی لەسەر گەمە سیاسییەکان، سیمای ڕێبەرێکی بلیمەت و لێوەشاوەی پێ بەخشیبوو.

ڕێبەرێك کە بە لێوەشاوەییەوە هاوکێشە سیاسییەکان بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی کورد و ستراتێژییە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی ڕاڤە دەکات.

لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەك لە قسەکانی دەکەم لە هەمان وتووێژ لەگەڵ عەلی کێشتگەردا:

«دوو مەسەلە لە ئارادایە، یەکیان سیاسەتی ئێمە لەگەڵ هەر شێوە ڕێژیمێك و یەکیشیان سیاسەتی ئێمەیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی حیزبی دێموکرات لە لایەك دێموکراسی بۆ ئێران و لە لایەکی تریش خودموختاری بۆ کوردستانی ئێرانە. ئامانجی حیزبی دێموکرات سەقامگیربوونی دێموکراسییە لە ئێران و بە بۆچوونی ئێمە خودموختاری لە کوردستانی ئێران ئاکامی ئەم دێموکراسییە دەبێ. بەو واتایە کە ئەگەر دێموکراسی بە مانای دەسەڵاتی خەڵکی بێت و ئەوەی کە خەڵك سەبارەت بە هەر کێشەیەك کە پێوەندی بە خاك و نیشتمانی خۆیانەوە هەیە بڕیار بدەن. کاتێك کە دێموکراسی لە سەرانسەری ئێراندا سەقامگیر بێت، دابەزاندنی ئەم دێموکراسییە لە کوردستانی ئێران لە فۆرمی فیدراڵدا دەبێت. کەوابوو دروشمێکی دیارمان هەیە، سەقامگیربوونی دێموکراسی لە ئێران بە شێوەیەك کە هەموو خەڵك بتوانن راوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان،



ئازادانە دەربڕن و چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. ئەم دێموکراسییە لە کوردستان بە سەرنجدان بە هەلومەرجی کوردستان بە شێوەی ڕەنگدانەوەی مافی نەتەوایەتیی ئەوان خۆی دەنوێنێ. تا ئێستا ئێمە ئەم ویستانەمان لە شێوەی خودموختاریدا ڕاگەیاندوە، بەڵام ئەوکات (لە داهاتوودا) خۆیان (نەوەکانی داهاتوو) دیاری دەکەن ویستەکانیان بە چ شێوەیەك دەبێت.»

«ئێمە ئێرانمان پێ وڵاتێکی فرەنەتەوەیە... لەوانەیە ڕێچارەی گشتی بۆ ئێران سیستمی فیدراتیو بێت، کە تیایدا سەرجەم نەتەوەکان خاوەنی مافی تایبەتی خۆیانن... بە سەرنجدان بە پێشینەی مێژوویی و عادەتی ڕەسمی کە لە ئێراندا هەیە قبووڵکردنی مافی نەتەوایەتی (جیا لە فارسەکان) لە بیروڕای ئێرانیی ئەمڕۆدا تا ڕادەیەك دژوار دێتە بەرچاو. هەر بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەگەر قەرار بێت سەبارەت بە (بۆ وێنە مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستانی ئێران)، شوێن و ناوچەکانی دیکەی ئێران وەك: ئیسفەهان، شیراز، تاران و هتد بڕیار بدەن چونکی نەتەنیا مەسەلەکەیان بۆ دیار و ئاشنا نیە بەڵکوو شتێکە بە پێچەوانەی ڕەسم و عادەت، لە باشترین حاڵەتدا راو بۆچوونی لەسەر نادەن یان ئەگەری ئەوە هەیە دژایەتی بکەن. کەوابوو بە کورتی دەبێ بڵێم، سەبارەت بەوەی کە خەڵکی کوردستان بیانەوێ لە ئێرانێکی دیمۆکراتیکدا بمێننەوە یا نا، تەنیا دەبێ پرس بە خەڵکی کوردستان بکرێ.»

«من پێموایە ڕووناکبیری ئێرانی دەبێ خۆی لەم چوار چێوەیە دەرباز بکات و لەو توێکڵە خۆی دەرهاوێ و دوگمبوون وەلا نێت، تابۆکان بشکێنێ. هەر ئێستا سەبارەت بە ویستە دێموکراتیکەکانی خەڵکی کوردستان، ڕووناکبیران و کەسانی دێموکراتی ئێرانی داوامان لێ دەکەن تەواویەتی ئەرزی و ئەم جۆرە شتانە (کە هەر هەموویان قسەی شا بوون) قبوڵ بکەین.... ئەوە کوێی دێموکراتیکە کە ئێوە لە پێشدا ناچارمان دەکەن تابۆ و چوارچێوەیەك قبوڵ بکەین. ئەوە هەمان زۆرەملێیە. پێمان دەڵێن لە ئێراندا ستەمی نەتەوایەتی نەبووە و ئەوەی هەبووە ستەمی گشتی بووە. ئێمە دەڵێین نا، جیا لە ستەمی گشتی ستەمی نەتەوایەتییش هەبووە. ئەوە ستەمی نەتەوایەتییە کە منی کورد هەر لە منداڵییەوە ناچار دەکرێم بە زمانی فارسی پەروەردە بم و تەنانەت لەم قۆناغەشدا ناتوانم دوو وشە بە زمانی خۆم (کوردی) بنووسم... ڕووناکبیری ئێرانی هەر وەك چۆن بە ڕوانینێکی دێموکراتیکانەوە چاو لەو وڵاتانەی دیکە وەك کۆمارەکانی سۆڤییەتی پێشوو و یوگۆسلاوی و هتد دەکەن، سەبارەت بە ئێرانیش دەبێ هەروا بیر بکەنەوە و تێبگەن کە پێکهێنانی وڵاتێك و ژیان لە چوارچێوەیەکی جوگرافیاییدا تەنیا لە ڕووی ویست و مەیل و هەستێکی قووڵ و ئارەزوومەندانەوە مسۆگەرە، نەك لە ڕووی زەخت و چوارچێوەیەکی لە پێشدا داڕێژراوەوە.»

ئاکام:

لە ئاکامی ئەم وتارە و کۆی باسەکەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێبەری شەهید د.شەرەفکەندی، ڕێبەرێکی ستراتێژیست، شارەزا لە گەمەی سیاسی، دێموکرات و نەتەوەیی بووە، هەروەها د.سەعید خەباتگێڕێکی چەپە، بەڵام چەپ بە واتای نوێخواز و گۆڕانخواز، وەك لە بۆچوونە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکاندا دیارە چەپبوون لە لای د.سەعید زۆر دوورە لە چەپبوون بە واتا مارکسیستییەکەی. ئەو شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی و دێموکرات بوو، خوێندنەوەشی بۆ کێشەی نەتەوەیی و دێموکراسی بە تەواوەتی لە خوێندنەوەی مارکسیستەکان جیاوازە. ڕاستییەکانی کەسایەتیی د.سەعید و تایبەتمەندییە بەرزەکانی لە ژێر سێبەری هەبوونی گەورە ڕێبەری مێژووی کورد، د.قاسملوودا بە تەواوەتی بۆ خەڵك ڕوون نەبوونەوە و سەد حەیف و مەخابن کە پاش شەهیدبوونی د.قاسملووش، تەنیا ماوەیەکی کورت ژیا و نەیارانی ئازادی و دێموکراسی شەهیدیان کرد. بەڵام بەو حاڵەشەوە لێکدانەوە و شرۆڤەی کەسایەتیی د.شەرەفکەندی بابەتێك نیە لە وتارێکی ئەوتۆدا بگونجێت، بەڵکوو ئەوە تەنیا ئاماژەیەکی کورت بە هێندێك لە کاراکتەرەکانی کەسایەتیی ئەو ڕێبەرە شەهیدە بوو.

# قەیرانی ئەتۆمیی ئێران و گەمارۆی ئابووری

■ موعتەسەم نوورانی

ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە گەمارۆی ئابووری کاریگەریی قووڵی لەسەر ژیانی گەلانی ئێران داناوە، بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی کاربەدەستانی سەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پێیان وایە گەمارۆی ئابووری کاریگەریی نەبووە. تەنانەت لە چەند رۆژی رابردوودا نرخی تمەن لە بەرانبەر دراوە دەرەکییەکاندا بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە و دانیشتوانی وڵات شاهیدی شێواوی و شڵەژاویی بازاڕ و گرانیی خواردەمەنی و شتومەکن. بەرپرسانی حکوومەت هەتا ئێستاش هەر بێدەنگن و لۆکەیان لە گوێی خۆیان ئاخنیوە. بەرزی و نزمی نرخی دراو ئەوەندە خێرا و نائاساییە کە زۆربەی سەڕاف و پارەفرۆشەکان بە پەرۆشەوە سەیری بازاڕەکان دەکەن و کارەکانیان راگرتووە. ئەو رەوتەی لە مانگی سەرماوەزی ساڵی رابردووە دەستی پێ کردووە، بەردەوامە بە جۆرێك کە بۆتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمی پیشەسازی و هەناردەکردنی غەیری نەوتی لە ئێراندا. زۆربەی کارناسانی ئابووریی پێیان وابوو هەڵچوونی نرخی دراوە دەرەکییەکان دەبێتە هۆی چوونەسەری هەناردە غەیرەنەوتییەکان بەڵام بەپێچەوانە ئەو پێشبینییە وا نەهاتە دەرێ و هاوکات لەگەڵ کەمبوونەوەی بەرهەمە پیشەسازییەکان، بە گوێرەی ئاخرین راپۆرتی رەسمی گومرگی ئێران رادەی هەناردەکانی غەیرەنەوتیی ئێران بە توندی دابەزیوە. بەتایبەت بە هۆی بەرتەسککردنەوەی گەمارۆ لەسەر بانکەکان و هەناردەی نەوت و گاز لە لایەن یەکیەتیی ئورووپا و ئامریکا رۆژ بە رۆژ نرخی تمەن لە دابەزیندایە کە بۆتە هۆی ئاوسانی دراوی، گرانی لەرادەبەدەر، بێکاری، ئەوەش ژیانی خەڵکی رەشوڕووت و هەژار و کەمدەرامەتی لە ئێران خستۆتە مەترسییەوە. چونکە ناسەقامگیریی نرخی زێڕ و دراو دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی تمەن کە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاوسانی چوونەسەری نرخی خواردن و کەلوپەل و سووتەمەنی و هاتووچۆ هەیە، ئەو رەوتە دەبێتە هۆی زیادبوونی هەژاری لە کۆمەڵگادا.

ئێران ساڵی رابردوو رۆژانە ٢/٥ میلیۆن بەرمیل نەوتی هەناردە دەکرد، بەڵام بە گوێرەی کۆمپانیا نەوتییەکان لە سەرەتای مانگی ژوئەنی ئەوساڵدا هەناردە نەوتییەکەی زیاتر لە میلیۆنێك و دووسەدهەزار بەرمیل کەم بۆتەوە کە رۆژانە ٩٠ میلیۆن دۆلار لە داهاتی ئەو وڵاتە کەم بۆتەوە. کە بەرەبەرە داهاتی نەوتی لە دابەزیندایە.

بە کەمبوونەوەی هەناردەی نەوت و دابەزینی نرخی نەوت، داهاتی دراوی ئێرانی دابەزینێکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە و تووشی قەیران هاتووە. کارناسانی ئابووری پێیان وایە بەپێچەوانەی ئیدیعاکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەمارۆ ئابوورییەکان کاریگەری بەرچاویان هەبوو. ئەحمەدی نژاد، سەرۆك کۆماری ئێران لە کودتای ساڵی ١٣٨٥ روو دەکاتە ئەنجوومەنی ئاسایش و دەڵێ: «ئێوە پێتان وایە ئەگەر کۆ ببنەوە کوتە کاغەزان بنێرن، دەتوانن پێشی ئیرادەی خەڵکی ئێران بگرن، ئێوە ٢٨ ساڵ بەربەرەکانیتان کرد، گەمارۆی ئابووریتان ئەنجام دا، گەمارۆ و گوشاری سیاسیتان ئەنجام دا، بەڵام ئەورۆ خەڵکی ئێران ئەتۆمییە، ئەگەر دووبارە ئەو شتانە دووپات بکەنەوە ئاکامەکەی دەبیننەوە». دواتر کاتێك ئەنجوومەنی ئاسایش چوارەمین بڕیارنامەی لەسەر گەمارۆی ئابووریی ئێران دەرکرد ئەحمەدی نژاد وتی: «ئەوەندە بڕیارنامە بنێرن تا بڕیارنامەتان دەدڕێ».

دوای ٤ بڕیارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایش و گەمارۆی ئابووریی توند لەسەر بانکی ناوەندی و نەوت و گاز لە لایەن ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا کە لە هەموو بارێکەوە ئێرانی تووشی قەیران کردووە، گرانی، بێکاری، دابەزینی نرخی دراو، هەژاریی رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر لەسەر شانی گەلانی ئێران قورسایی دەکەن. هەر وەك دەبینین نرخی خواردەمەنی بەگشتی لە پارەکەوە هەتا ئێستا ٣ بەرانبەر گران بووە. وڵات بەرەو خراپی و دارمانی ئابووری و سیاسی دەچێ. کاربەدەستانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتوانن حاشا لە راستییەکان بکەن.

لە ماوەی ٣ مانگی رابردوودا بەشێك لە بەرپرسان و کارناسە سیاسی و ئابوورییەکانی رێژیم لە ئاستی باڵادا لە بواری خراپی و شپڕێوی وەزعی ئابووریی ئێران بە راشکاوی نیگەرانیی خۆیان دەربڕیوە و هەستیان بە گوشاری گەمارۆ نێونەتەوەییەکان لەسەر ئابووریی ئێران کردووە. زۆربەی بەرپرسانی سیاسی و ئەمنییەتی لەوە نیگەرانن کە رۆژێك ئەو گوشارە ئابوورییانە ببنە قەیرانێکی قووڵی ئابووری و کۆنترۆڵ نەکرێ و شیرازەی کارەکە لە دەستیان ترازابێ و ببێتە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی شەقام، چونکە رێژیم هەموو نارەزایەتییەك لە دەروازەی ئەمنییەتی ڕا سەیر دەکا تەنانەت مەحمودی ئەحمەدی نژاد، سەرۆك کۆمار نیگەرانە لە وەزعی شێواوی بازاڕ و گرانی بۆیە گەیوەتە ئەو قەناعەتە کە گەمارۆکانی سەر ئابووریی ئێران کاریگەری داناوە چونکە لە چەند رۆژ لەوەی پێش لە وتووێژ لەگەڵ کاناڵی ١ی تەلەفزیۆنی ئێران بە راشکاوی رایگەیاند: «دوژمن هەم بە وەڕێخستنی شەڕی رەوانی و هەم بە مەبەستی گرتنی رێگاکانی فرۆشی نەوت و گاز و گەمارۆی بانکی ناوەندی شەڕی تەواوی بە دژی ئێمە دەست پێ کردووە ... بێگومان گەمارۆکان کاریگەریی خۆیان داناوە».

بەڵام ئەو هۆکارانە چن؟ بۆ وەزعی ئابووریی ئەو وڵاتە رۆژ بە رۆژ بەرەو خراپی دەڕوات؟ هەموو ئەو هۆکارانە دەگەڕێنەوە سەر سیاسەتی هەڵە و چەواشەکارانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە بوارەکانی بەڕێوەبردنی ژوورەوە و دەرەوەی ئێراندا. بەتایبەت لە نەبوونی شەفافییەت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە بۆ دارشتنی پێوەندیی عەقڵانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و جیهانیدا لە بواری نێونەتەوەیی و کێشانی دیوارێکی پۆڵایین بە دەوری خۆیدا کە ئەو کارە رۆژ بە رۆژ زیاتر ئێران تاك و تەریك و ئیزۆلە دەکات. بە چاوخشاندنەوەیەك بە سیاسەتی ئارمانگەرایانەی رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دەبینین کە ئەو رێژیمە هەر لە سەرەتای دەیەی ١٣٦٠وە سیاسەتی دەرەوەی خۆی لەسەر بناغەی ولایەتی فەقیهە. هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی، جێگیرکردنی سنووری ئیدۆلۆژیکی لە جیاتی سنوورە جوغرافییەکان، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دەوروبەر، بەهێزکردنی دوو جەمسەری شیعە و سوننە لە جیهانی ئیسلامدا و دامەزراندن و بە هێزکردنی هیلالی شیعە وەك بەرەی مقاومەت (ئێران، سوریە، عێراق، حیزبوڵڵای لوبنان). پێداگری کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەو سیاسەتە وای کرد کە وڵاتانی خاوەن بڕیار و پیشەسازیی جیهان وەك تێکدەر و شڵەژاندنی نەزمی جیهانی سەیری ئێران بکەن. دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری لە ساڵی ١٣٨٤ و سەرکەوتنی ئەحمەدی نژاد بۆ سەرۆك کۆماریی ئێران، سیاسەتی ئارمانگەرایی و بونیادگەرایی تۆختر کرد و پرسی ئێرانی ناوکی لەو وڵاتەدا بوو بە پرسی رۆژ و لە کاروباریی هەستەییدا هیچ پاشەکشەی نەکرد و لە پیتاندنی ئۆرانیۆم هەر بەردەوامە و سانتریفیوژەکان هەر زیاد دەکات. هەتا ئێستا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چەند بڕیارنامەیان بە دژی بەرنامەی ناوکیی ئێران دەرکردووە هەر چەند ئێران دەڵێ پیتاندنی ئۆرانیۆمی ئێمە بە مەبەستی کەڵکوەرگرتنی ئاشتیخوازانەیە. بەڵام ئەوان دەڵێن لە بەرنامەی ناوکی ئێراندا بەرهەمهێنانی ئۆرانیۆم بۆ ئامانجی ئاشتیخوازانە نیە بەڵکوو مەبەستی دیکەی لە پشتە. رۆژی ١٣ی سێپتامبر وڵاتانی ئەندامی ئەنجوومەنی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆم لە کۆبوونەوەی بەڕێوەبەریی ئەو ئەنجوومەنەدا بە زۆرینەی دەنگ بڕیارنامەیەکیان لەسەر بەرنامەی ناوکی ئێران دەرکرد. لەو بڕیارنامەیەدا کە رووسیا، چین و ئامریکا پێشنیاریان کرد سەبارەت بە پیتاندنی ئۆرانیۆم نیگەرانن و داوایان کرد کە هاوکاری ئاژانس بکا پێویستە بگوترێ لە ٣٥ وڵاتی ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەریی ئاژانس، ٣١ وڵات دەنگی ئەرێ و کوبا دەنگی نەرێ و تونس و میسر و ئێکوادۆر دەنگی بێلایەنیان دا.

سەرچاوە:

www.Time.com
www.nytimes.com
www.guardian.co.uk

# نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لە گۆڕانکارییەکانی بنەمای پەروەردە و فێرکردن لە ئێراندا

■ ئیسماعیل زورمەند

بەرنامەڕێژی بۆ داهاتووە تاکوو بتوانی کارێك بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵگا بکەی و باشترین بەرنامە و رێگاچارە لە لایەن پسپۆڕان و کارناسانەوە دەستنیشان بکرێ.

بە گشتی لە گشت کۆمەڵگاکان و بە تایبەتی لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بە پێی خواست و ویست، بەرنامەڕێژی کورتماوە و نێونجی‌ماوە و درێژخایەن، بە ئامانجێکی لە پێش دیاریکراو و لە لایەن بەرپرسانی پسپۆڕ و زانا دادەڕێژرێ و بەردەوام تا تەواوبوونی پلانەکە و گەیشتن بەو خواست و ویستەی کە مەبەستە، چاوەدێری دەکرێ.

لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی کە زیاتر لە سێ دەیەیە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە لە هیچ بوارێکدا شاهیدی بەرنامەڕێژییەکی ماوە دیاریکراو و درووست و کارناسانە نەبووین. ئەو بەرنامانەی کە بۆ بەرەوپێشبردنی وڵات و کۆمەڵانی خەڵك دایدەڕێژن نە تەنیا ئامانج و ماوەیەکی دیاریکراوی لە پشت نیە، بەڵکوو لە لایەن تاقمێکەوە کە زۆربەیان هەر پسپۆڕ و کارناس نین، دێنە گۆڕێ و بە بێ ئەوەی کە بیر لە داهاتوو بکەنەوە ئەو بەرنامانە پیادە دەکەن و پاش ماوەیەك دەبینین کە ئەو بەرنامانە نە تەنیا وڵامدەر نەبوون بەڵکوو قەیرانێکی زۆریشی خوڵقاندووە کە قەرەبووکردنەوەیان زۆر سەخت و دژوارە.

ئامانجدارکردنی یارانەکان یەکێك لەو بەرنامانەیە کە لە چەند ساڵی پێشوودا باسی لێدەکرا و نزیکەی دوو ساڵە جێبەجێ دەکرێ. داڕێژەرانی ئەو بەرنامەیە نەتەنیا پسپۆڕ نەبوون بەڵکوو هیچ کارێکی کارناسیش لەسەر ئەو بەرنامەیە نەکرا و بە هێندێك درووشمی بێ‌بنەما و بە دوور لە واقعییەت وەکوو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، لابردنی جیاوازیی چینایەتی و دروست مەسرەفکردن و هتد، هێنایانە ئاراوە. ئەو بەرنامەیان داڕشتووە و ئێستا دەبینین کە چ ئاسەوارێکی لەسەر کۆمەڵگا داناوە.

نموونەیەکی دیکە وشکبوونی گۆلی ورمێیە، کە کاتێك باسی لێدەکرێ دڵی هەر مرۆڤێك دەهەژێنێ. ئەو دەریاچەیە کە رۆژگارێك شوێنی حەسانەوەی خەڵکانی دەرەوە و نێوخۆی ئێران بوو، ئێستا دەبینین نە تەنیا لە حاڵی لەناوچووندایە، بەڵکوو کارەساتێکی مرۆڤی و ژینگەیی بە دواوەیە. لێرەشدا دەبینین نەبوونی بەرنامەڕێژییەکی دروست و پێشبینی نەکراو بۆتە هۆکاری خوڵقاندنی ئەو کارەساتە و هەزینەیەکی زۆری ماددی دراوە بۆ ئەوەی بەو رۆژ دوچار بکرێ و هەر ئێستا چەند بەرابەری ئەو هەزینەیەی دەوێ وەك هەوڵی لێبێتەوە کە ئەویش هاسان نیە و سەدان کێشە و گرفتی دیکە لە بواری بەرنامەڕێژی میللی و ناوچەیی و شاری و گوندەکان. ئەوەی لەو بابەتەدا دەمانهەوێ بیهێنینە بەرباس بەرنامەڕێژی لە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە.

گۆڕانکارییەکان لە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن و ئاموزشی عالیدا، شتێکی تازە نیە و بەردەوام تووشی ئاڵوگۆڕی چاوەڕواننەکراو بوو. لە ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی بە دەستووری راستەوخۆی رێبەری کۆماری ئیسلامی بڕیار درا کە ١٥٪ی زەرفییەتی زانکۆکان بە وەرگیرانی خوێندکار (لە ئاستی کارناسیی بەرز) بچێتە سەر. ئەو بڕیارە لە حاڵێکدا جێبەجێ کرا کە دوو مانگی بۆ کرانەوەی زانکۆکان مابوو. لە هەمووی گرینگتر ئەوە کە زانکۆکان هیچ ئامادەکارییەکیان بۆ وەرگرتنی ئەو رێژە خوێندکارە نەبوو و روون بوو کە پاش ماوەیەك زانکۆکان لەگەڵ کەمیی هەیئەتی عیلمی و فەزای ئاموزشی و هتد ... رووبەڕوو دەبنەوە و شوێنەواری راستەوخۆی لەسەر بواری چەندایەتی و چۆنایەتیی زانکۆ و خوێندکارەکان دادەنێ.

لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی دونیادا، وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن پێکهاتەیەکی سەربەخۆیە و بە سەرنجدان بە بارودۆخی وڵات بەرنامەڕێژی بۆ قوتابخانەکان دەکرێ. وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی ئێران نە تەنیا پێکهاتەیەکی سەربەخۆ نیە، بەڵکوو زۆرجار پێکهاتەکانی دیکە و کەسانێکی دیکە لە کارەکانیدا دەستێوەردان دەکەن.

بەڕێوەبەرانی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی ئێران بە هیوان جارێکی دیکە گۆڕانکاری لەو پێکهاتەیەدا پێك بێنن و ئەم جار باس لەوە دەکەن کە ساڵی خوێندن ٩٢ ـ ١٣٩١ پەروەردەی سەرەتایی ببێت بە ٦ ساڵ واتا لە سیستمی ٥.٣.٤ بیگەڕێننەوە بۆ سیستمی ٦.٣.٣، بەم جۆرە و بە وتەی خۆیان چەند پەرتووکێك وەك «مەهارەت و ژیان»، «کار و فەنناوەری» بە دەورەی ٦ی سەرەتایی زیاد بکەن تا بەو شێوەیە هەم قوتابی و هەم مامۆستا لێکۆڵەر و پژوهەندە بن و بەو شێوەیە گۆڕانی بنەڕەتی لە وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن بێتە دی. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە چەند دەیەی رابردوودا گۆڕانکاری وەك « نیزامی قەدیم بۆ نیزامی جەدید و دانانی ساڵێك بە ناوی پێش دانشگاهی» کە وەکی ئێستا باس دەکەن، دەڵێن دانانی ساڵێك بە ناوی پێش دانشگاهی گەورەترین هەڵەی پەروەردە و فێرکردن بووە. شێوەی بەرپرسایەتی لە بەرپرسی قوتابخانە بۆ بەرپرسی متمرکز (ناوەندگەرا) ـ شێوەی نومرە بۆ تەوسیفی و ... لەم نیهادە پێك هاتووە.

ئەوەی کە روون و ئاشکرایە هێنانە بەرباسی ئەم گۆڕانکارییە لە هەشت مانگدا و واتا ئەو بڕیارە لە مانگی سەرماوەزی ٩٠دا درا کە نە تەنیا هیچ کارێکی کارناسی بۆ نەکرابوو، بەڵکوو بە هۆی بڕیاری چەند کەسێك و لەسەرەوەی هەموویان شەخسی حاجی بابایی بڕیاری ئەنجامدانی درا، ئێستا لەگەڵ رەخنەی زۆربەی مامۆستایان و رووناکبیرانی ئێران رووبەڕوو بووەتەوە و باس لەوە دەکەن کە ئەو بڕیارە زۆر بە پەلە بووە و لەسەر ئەو باوەڕەن ئەگەر بڕیاریش بێ، گۆڕانکارییەك بکرێ دەبێ لە بنەڕەتەوە بێ.

دوو کێشەی هەرە گرینگ کە دەبێ تا کرانەوەی قوتابخانەکان (٩٢ ـ ٩١) چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بکرێ یەکیان فەزای ئامووزشییە، کە لە ساڵانی رابردوودا کە دەورانی سەرەتایی پێنج کلاسە بوو، قوتابییەکان لەگەڵ بێ‌ئیمکاناتی رەفاهی و ئامووزشی بەرەوڕوو بوون «ئێستا پایەکی دیکەش بە دەورانی سەرەتایی زیاد کراوە».

دووهەم کێشەی مامۆستایە، کە ئایا دەیانهەوێ لە مامۆستاکانی تازە کەڵك وەرگرن یان لە مامۆستایانی ناوەندی و دواناوەندی.

لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگدا بۆ کرانەوەی قوتابخانەکان بەرپرسانی پەروەردە و فێرکردن چەندە دەتوانن لە بیری چارەسەرکردنی ئەو کێشانەدا بن، دەبێ چاوەڕوانی داهاتوو بین تا چەندە سەرکەوتوو دەبن. لە حاڵێکدا بۆ چەندەمین جار لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی گۆڕانکاری لە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن لە بواری (ساختاری، بەرپرسایەتی، پەرتووك) پێك دێ، تەنانەت بۆ جارێکیش ئەم بەرپرسانە باسیان لە ئەسلی ١٥ی یاسای بنەڕەتی کە خوێندن بە زمانی دایکی نەتەوەکانی ئێرانییە، نەکردووە، کە بە بێ‌سەرنجدان بەو بابەتە و پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی نەتەوەکانی ئێران (خوێندن بە زمانی دایکی) هەرگیز شاهیدی پێشکەوتن لە کۆمەڵگای ئێران و چارەسەرکردنی کێشەکان نابین.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 589 ▪ 21 Sep 2012

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


زایەڵە

باران

## دێموکراسی و کورتەئاوڕێک لە پێشڤەچوونی

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ٥ ساڵ لەمەوبەر، ١٥ی سێپتامبری وەکوو ڕۆژی جیهانیی دێموکراسی دیاری کرد. ئەم ڕۆژە بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ڕەوتی بەرەوپێشچوونی دێموکراسی لە جیهاندا و گرینگیدان بە دروستکردنی کولتووری دێموکراتیك لە ڕێگەی فێرکاریی خەڵك و پشتیوانی لە ڕێکخراوە مەدەنییە دێموکراتیکەکان دیاری کرا. ڕەوتی بەرەوپێشچوونی دێموکراسی لە هەر شوێنێکی جیهاندا، فرەڕەهەند و گرێدراوی سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگایە. ناکرێ هەڵسەنگاندن لەم بوارەدا، تەنیا بە دەرکەوتە سیاسییەکان ببەسترێتەوە و ئاوڕ لە بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان نەدرێ. گومانی تێدا نیە داکشانی ئابووری لە جیهان کاریگەریی پێچەوانەی لەسەر ڕەوتی بەرەوپێشچوونی دێموکراسی لە جیهاندا هەبووە. ئەگەرچی لە وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکادا بە هۆی بەهێزبوونی ڕیشەی دێموکراسی لەوانەیە داکشانی ئابووری نەتوانێ ئەوەندەی ئەو داکشانە کاریگەری لەسەر شوێنەکانی دیکەی جیهاندا دەبێ، کاریگەری خراپ لەسەر ڕەوتی دێموکراسی دابنێ، بەڵام دیسان لەو وڵاتانەش شوێنەوارە خراپەکان دەبینرێ.
بۆ نموونە، بەهێزبوونی ڕاسیسزم و ڕاستگەرایی لە ئورووپا لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکانی یەك ساڵی ڕابردوودا دەرخەری ئەم ڕاستییەیە. کاریگەریی بوارەکانی کۆمەڵایەتی و کولتووریش لەسەر ڕەوتی بەرەوپێشچوونی دێموکراسی لە یەك ساڵی ڕابردوودا بە زەقی بینرا. بۆ نموونە، لە کاتێکدا شۆڕش لە لیبی سەرکەوت و هەڵبژاردنی سەرکۆماری لەو وڵاتەدا بەڕێوە چوو، بینیمان کە بە هۆی ئەو نەریتە کۆمەڵایەتییانەی کە ڕێگرن لە بەردەم دێموکراسی و هەروەها بە هۆی نەبوونی کولتووری دێموکراتیك و بوونی کولتووری توندوتیژی لە نێو خەڵکی ئەو وڵاتەدا، ڕەوتی دێموکراسی نەیتوانیوە تا ئێستا سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەخۆیەوە ببینێ. دیارە ڕێژیمی سیاسی لە وڵاتێکی دیکتاتۆرلێدراودا خێراتر لە بنەما کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕدرێ و ئەوەیش دەبێتە هۆی ئەوەی لە وڵاتگەلێك وەك لیبیدا ئەو چاوەڕوانییە هەبێ کە هاتنەسەرکاریی ڕێژیمێکی سیاسیی نیمچەدێموکراتیك لە کورتخایەندا، گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و کولتووریشی لە درێژخایەندا بە قازانجی دێموکراسی بەدواوە بێ.
خاڵی وەرچەرخان لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی دێموکراسی لە جیهاندا لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا، بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە میسر بوو. هەروەها پاشەکشەنەکردنی خەڵکی سووریە لە بەرامبەر سەرکوتە خوێناوییەکانی ڕێژیمی ئەسەد، ئەگەرچی لە ساڵی ڕابردوودا نەیتوانی مزگێنی ڕووخانی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆیە بە جیهان بدات، بەڵام خودی ڕاپەڕینی خەڵك بە دژی دیکتاتۆری خاڵێکی زۆر ئەرێنی لەم ڕەوتەدا دێتە ئەژمار. دیارە ناکرێ باس لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی دێموکراسی بکەین، ڕۆڵی زلهێزگەلێك وەك چین و ڕووسیە لە پشتیوانی لە ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئامریکای لاتیندا و لە پشتیوانی لە حیزبە ڕاستگەراکان لە ئورووپای ڕۆژهەڵاتدا لەبەرچاو نەگرین.
لە هێندێ شوێنی جیهانیشدا پێویستە ڕەوتی دێموکراسی بەو شێوە هەڵسەنگێندرێ کە چەندە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی چووەتە پێش. بۆ نموونە لە کوورەی باکوور ئەگەرچی هێندێ فەزای ئابووری لە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشوو کراوەتر بووە، بەڵام ڕێبەرایەتیی نوێی ئەو وڵاتە بە پێی فاکتەکان لە بواری سیاسییەوە سەرەڕۆتر لە پێشوو کار دەکات. لە ئێراندا کاریگەریی گەمارۆ ئابوورییەکان و زاڵبوونی هەرچی زیاتری سپاییەکان بەسەر هەموو بوارەکانی کۆمەڵگادا، بووەتە هۆی ئەوەی سەرەڕۆیی زیاتر بچێتە پێشەوە و زەبر لە خەباتی دێموکراسیخوازانە و دژەدیکتاتۆری لەو وڵاتە بدرێ.

